تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5922) پێنج شەممە 30ی کانوونی دووەم 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ڕووسیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا دەکات

سەرۆک بارزانی نیگەرانییەکانی خۆی لەمەڕ ئایندەی گەلی کورد لە سووریا ڕاگەیاند

میخاییل بۆگدانۆف ویستی وڵاتەکەی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان نیشان دا



دوێنێ چوارشەممە 29ی1ی2020 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە میخاییل بۆگدانۆف نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ڕووسیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا و شاندێکی یاوەری کرد کە پێکهاتبوو لە ماکسیم ماکسیمۆڤ بالێوزی ڕووسیا لە عێراق و ئۆلێگ لێڤین کونسوڵی گشتیی ڕووسیا لە هەولێر و ژمارەیەک لە دیپلۆماتکار و بەرپرسانی کۆمپانیای گازپرۆمی ڕووسیایی.

لە دیدارەکەدا نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ڕووسیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا سڵاوی سەرۆک پووتین و وەزیری دەرەوەی ڕووسیای بە سەرۆک بارزانی گەیاند و وێڕای جەختکردنەوە لە پەیوەندییە مێژوویییەکانی گەلی ڕووسیا و گەلی کوردستان و ڕۆڵی خانەوادەی بارزانی لەو پەیوەندییەدا، سەرۆک بارزانیشی وەک دۆستێکی مەزنی گەلی ڕووسیا وەسف کرد. نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ڕووسیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا پێتزانینیشی بۆ سەقامگیری و پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو و ویستی وڵاتەکەیشی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی نێوان هەردوولا نیشان دا.


هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی سوپاسی سەرۆک پووتین و وەزیری دەرەوەی ڕووسیای کرد و هەورەها سوپاسی هەڵوێستی حکوومەت و کۆمپانیاکانی ڕووسیای کرد کە لە ڕۆژانی سەخت و تەنگانەدا لە بەرانبەر هەرێمی کوردستان هەڵوێستی ئیجابی و بەرزیان نواندووە. سەرۆک بارزانی ئاماژەی بە پەیوەندی و دۆستایەتیی دێرینی نێوان هەردوو گەلی کوردستان و ڕووسیا کرد و بە پێویستیشی زانی ئەو پەیوەندییانە قوڵتر و فراوانتر بکرێن. لە بەشێکی تری ئەو دانیشتنە سەرۆک بارزانی نیگەرانییەکانی خۆی لەمەڕ ئایندەی گەلی کورد لە سووریا بە نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ڕووسیا گەیاند و بڕچوون و پێشنیارەکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد لە سووریا خستەڕوو.

بارودۆخی سیاسی و دواپێشهاتەکانی ناوچەکە و هەڕەشەی هزری تووندڕەوی و تیرۆر و، مەترسییەکانی بەهێزبوونەوەی تیرۆریستانی داعش تەوەری تری ئەو کۆبوونەوەیە بوون.



لە 33یەمین ساڵیادی کۆچی دوایی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی دا..

بەم بۆنەیەوە چەند بابەتێک لەم ژمارەیەدا بخوێنەوە



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا دەکات

2



نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ بۆگدانۆف کۆبوونەوە

2

مەحموود محەمەد:

کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو ئەنجام دەدەین



خەبات: تریفە ئازاد

مەحموود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی، هەروەها ئەندامی باڵای لیژنەی کۆنگرەی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەی کۆنگرەی داهاتووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاندن: ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەمانەوێت کۆنگرەی ئەمجارە کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بێت و کۆمەڵێک بابەتی جۆری پێوە دیار بێت کە لەم سەردەمە چۆن خۆمان بگونجێنین و چۆن ئەو هەموو سالانەی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک ڕێبازی بارزانی لە خزمەتی خەڵکی کوردستان و نیشتمانەکەی دابووە، بەم شێوازە پەرەی پێبدەین بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ئەم هەموو ئالۆگۆڕیانەی هەبوونە بەردەوام بێت، لەم خزمەتکردنە بەم ڕێبازە، لیژنەیەکیش لە کۆمەڵێک خوشک و برا پێکهاتوون هەم لە مەکتەبی سیاسی، هەم لە ئەندامانی سەرکردایەتی، جگە لە مەش لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەکادیمی و شارەزا و پسپۆڕانی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەلسەفی خوێندنی باڵا و هەموو ئەو زانستانەی پێویستە.

زیاتر لەلاپەڕە دوو بخوێنەوە

ستیفن مانسفیلد بۆ خەبات: بەشێک لە پلانی سەدەی دۆنالد ترەمپ کوردستانە

خەبات: مەریوان نەقشبەندی

لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات بیرمەند و نووسەری گەورەی ئەمەریکا ستیفن مانسفیلد تیشک دەخاتە سەر پلانی سەدەی دۆنالد ترەمپ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەڵێت: ئەم پلانە کوردستانیشی تێدا دەبێت.

ستیفن مانسفیلد کە چەندین کتێبی بەناوبانگ و پڕخوێنەری نووسیوە و جگە لەوەی 3 کتێبی لەسەر سەرۆکەکانی ئەمەریکا نووسیوە، کتێبی (موعجیزەی کورد)یشی بە چاپگەیاندووە، لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات، گوتی: ڕەنگە لە ئاشکراکردنی پلانەکەیدا دۆنالد ترەمپ مەبەستی بووبێت کێشەی فەڵەستین-ئیسرائیل بخاتە بەرچاوی جیهان بەو هیوایەی سۆزی وڵاتانی عەرەبی و بە تایبەتیش وڵاتە گەورە و دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە ڕابکێشێت و جۆرێک لەبیرکردنەوەی لای تاکی عەرەبی دروستبکات و پشتیوانی جەماوەری و ڕەسمی لە ناوەندە عەرەبییەکاندا بۆ پلانەکەی زیاد بکات، بەڵام بەشێکی تری ئەم پلانی سەدەیە بە بۆچوونی من ئاشکرا نەکراوە، چونکە هاوپەیمانیەتیەکی نوێ لە ناوچەکەدا دروست دەبێت کە ناکرێ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێدا نەبێت.

زیاتر لەلاپەڕە سێ بخوێنەوە




هەولێر... نەخۆشخانەیەکی دیکەی ڕاوێژکاریی تایبەت بە منداڵان دەکرێتەوە

لە ئاگادارینامەیەکدا، کە بەڕێوبەرایەتی گشتیی تەندروستی هەولێر بڵاویکردووەتەوە و وێنەیەکی بۆ کوردستان 24 نێردراوە هاتووە: بەشێکی دیکەی ڕاوێژکاری بۆ چاردسەری منداڵان لە دەرەوەی نەخۆشخانەی ڕاپەڕین، کە دەکەوێتە پشت نەخۆشخانەی لەدایکبوون بۆ چارەسەری منداڵانی نەخۆش بە 24کاتژمێری لە ڕێککەوتی 1ی شوبات/ 2020 دەکرێتەوە.

6

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ بۆگدانۆف کۆبوونەوە

بڕەودان بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕووسیا تاوتوێ کرا



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی وێڕای پیرۆزبایی لە دەستبەکاربوونی بەڕێز سەرۆک وەزیرانی تازەی ڕووسیا، خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ بڕەودانی پەیوەندییەکانی لە هەموو بوارەکاندا لەگەڵ ڕووسیا دووپاتکردەوە و دەستخۆشی لە کار و چالاکییەکانی کۆمپانیای گازپرۆم نەفتی ڕووسی لە کەرتی وزەدا لە هەرێمی کوردستان کرد.

نیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2020/1/29 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز میخائیل بۆگدانۆف، نوێنەری سەرۆکی ڕووسیا بۆ کاروباری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئافریکا جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا و باڵیۆزی ڕووسیای لە بەغدا و کونسولی گشتیی لە هەولێر و شاندێکی یاوەری کرد کە لە ژمارەیەک دیپلۆماتکار و بەرپرسانی کۆمپانیای گازپرۆم نەفتی ڕووسی پێکهاتبوون.


لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەڕێزان جێگرانی سەرۆکی هەرێم و ژمارەیەک لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، بەڕێز بۆگدانۆف سلاو و ڕێزی بەڕێزان سەرۆک قلادیمیر پوتین و سەرۆک وەزیرانی ڕووسیای گەیاندە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ستایشی ڕۆڵی بەڕێزیان و پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستانی کرد.

هەردوولا دۆخی عێراقیان تاوتوێ کرد و جەختیان لە گرنگیی هەوڵدان بۆ ئارامکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکان لە ناوچەکە و نەبوونی عێراق بە گۆڕەپانی کێشە و ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان کردەوە، هەروەها تیشکیان خستە سەر خۆپێشاندانەکان و هەوڵەکان بۆ دیاریکردنی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق، کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا و گرنگیی هەماهەنگیی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ناوچە کێشەلەسەرەکان.

دۆخی سووریا و هەبوونی هێزە نێودەوڵەتییەکان و پرسی کورد و ئایندەیان لە چوارچێوەی سووریا و ڕۆڵی ڕووسیا لەو ولاتە، بەردەوامیی مەترسییەکانی تیرۆر و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی، پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و دوایین پێشهاتەکانی کێشەی فەلەستین ـ ئیسرائیل، دۆخی ناوچەکە بە گشتی و چەند پرسێکی مایەی بایەخی هەردوولا، بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا دەکات

بانگهێشتنامەی فۆرومی ئابووریی سانت پیترسبۆرگ پێشکەش بە مەسرور بارزانی کرا



دوێنێ چوارشەممە 2020/1/29 سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی پێشوازی لە میخائیل بۆگدانۆف جێگری وەزیری دەرەوە و نوێنەری سەرۆکی ڕووسیا بۆ کاروباری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریکا کرد. لە دیدارێکدا، بارودۆخی عێراق و ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ڕووسیا تاوتوێکران.

جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، سلاوی سەرۆک ڤلادیمیر پوتن و سەرۆک وەزیرانی ڕووسیای بە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گەیاند و بانگهێشتنامەی فەرمیشی پێشکەشکرد بۆ بەشداریکردن لە فۆرومی نێودەوڵەتی ئابووریی سانت پیترسبۆرگ. هەردوولا هاوڕابوون لەسەر گرنگی ئارامبوونی دۆخی عێراق و سوریا و هەماهەنگی لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش و تیرۆر و ڕۆڵی گرنگی هەرێمی کوردستان لە سەقامگیریی ناوچەکەدا.

مەحمود محەمەد:

کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو ئەنجام دەدەین

دەمانەوێ بە شێوازێکی سەردەمیانە حزبایەتی بکەین

خەبات: تریفە ئازاد

مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی، هەروەها ئەندامی بالای لیژنەی کۆنگرەی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەی کۆنگرەی داهاتووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاندن: ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەمانەوێت کۆنگرەی ئەمجارە کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بێت لەگەڵ ئەم هەموو ئالۆگۆڕیانەی هەبوونە بەردەوام بێت، لەم خزمەتکردنە بەم ڕێبازە، لیژنەیەکیش لە کۆمەڵێک خوشک و برا پێکهاتوون هەم لە مەکتەبی سیاسی، هەم لە ئەندامانی سەرکردایەتی، جگە لەمەش لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەکادیمی و شارەزا و پسپۆڕانی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەلسەفی خوێندنی بالا و هەموو ئەو زانستانەی پێویستە، چونکە ئێمە دەمانەوێت بە شێوازێکی سەردەمیانە حزبایەتی بکەین، ئەو ئاوات و ئامانجانەی کە کوردستان و نیشتمانەکەی دابووە، بەم شێوازە پەرەی پێبدەین بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ئەم هەموو ئالۆگۆڕیانەی هەبوونە بەردەوام بێت، لەم خزمەتکردنە بەم ڕێبازە، لیژنەیەکیش لە کۆمەڵێک خوشک و برا پێکهاتوون هەم لە مەکتەبی سیاسی، هەم لە ئەندامانی سەرکردایەتی، جگە لەمەش لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەکادیمی و شارەزا و پسپۆڕانی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەلسەفی خوێندنی بالا و هەموو ئەو زانستانەی پێویستە، چونکە ئێمە دەمانەوێت بە شێوازێکی سەردەمیانە حزبایەتی بکەین، ئەو ئاوات و ئامانجانەی کە خەڵکی کوردستان هەیەتی، جێبەجێیان بکەین و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لەناو بەرنامەکانمان ڕەنگبداتەوە.



لەبارەی پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی مەحمود محەمەد گوتی: ئێمە پەیوەندییەکامان باشە و جارێ دیار نییە کەی کۆبوونەوە ئەنجام دەدەین، لەبەر ئەوەی براەدەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرگەرمی کۆنگرە بوون و ئێستاش بەرنامەکانیان تەواو نەکردووە، بە تەئیکد دوای ئەوەی بەرنامەیان تەواو کرد و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیان دیاری کرد، سەرۆکیان دیاری کرد، پەیڕەو و پرۆگرامیان تەواوکرد، ئەو وەختە بەدیار دەکەوێت کە چۆن دەست دەکەینەوە بە کارەکامان.

ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە



ئەمڕۆ پێنجشەممە دانیشتنی ژمارە 17ی ئاسایی پەرلەمانی کوردستان بەرێوەدەچێت کە تیایدا سێ تەوەر دەخرێتەڕوو.

بەپێی کارنامەی دانیشتنی ژمارە 17ی ئاسایی ئەمڕۆ پێنجشەممە لە پەرلەمانی کوردستان سێ تەوەر دەخرێنەڕوو کە بریتین لە خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی شایستە دارایەکانی جووتیارانی هەرێمی کوردستان، قبووڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەی ئاشنا عەبدوڵلا قادر لە لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت بەپێی حوکمی ماددەی 28 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان و ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی پایزەی سالی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە بەپێی برگەی سێیەم لە ماددەی 18ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

چەند چەکدارێکی داعش تەقە بەسەر کەمپی مەخموردا دەکەن

چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە ئێوارەی سێشەممە 28ی 1ی 2020ەوە تاوەکو بەرەبەیانی دوێنێ چوارشەممە، چەند جارێک تەقەیان بە ئاسمانی کەمپی مەخمور و خەڵکی کەمپەکەدا کردووە. کرمانج عەبدوڵلا، بەرپرسی لقی مەخموری پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، کاتژمێر 10:30ی شەوی سێشەممە ، چەند چەکدارێکی داعش تەقەیان بەسەر کەمپی مەخموردا کردووە و ڕایان کردووە. ڕوونیشی کردەوە کە بەرەبەیانی دوێنێ چوارشەممە کاتێک چەند کەسێکی دانیشتووی کەمپی مەخمور بە مەبەستی لەوەڕاندنی مەڕ و مالات، چوونەتە ناوچەکانی ڕۆژئاوای چیای قەرەچوغ کە دەکاتە باشووری مەخمور، سێ چەکداری داعشیان بینیوە و تەقە لە نێوانیاندا دروستبووە.

پەرلەمانتارێکی کوردستان: پێشبینی دەکرێت ماوەی سالێک بۆ ئەنجوومەنی کۆمیسیاران درێژ بکرێتەوە

بڕیاردەری لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت بەهۆی دەستپێکردنی پشووەکان، پەرلەمان چارەسەری کێشەی یاسایی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی سەر بە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، لە لای دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانە و داوای چارەسەری کێشەکەیان کردووە کە کەوتوونەتە بۆشایی یاساییەوە.

گوتیشی: پەرلەمانی کوردستان، بۆ ماوەی مانگێک دەکەوێتە پشووی زستانەوە، بۆیە لەگەڵ دەستپێکردنی وەرزی یاسادانان، دەستەی سەرۆکایەتی داوا لە لیژنەی یاسایی دەکات ڕێکارەکان بگرێتە بەر. ئەو پەلەمانتارە دەشڵێت: پێشبینی دەکرێت تەمەنی یاساییان ماوەی سالێک بۆ درێژ بکرێتەوە تا ئەوکاتەی پەرلەمان و لایەنەکان لەسەر کۆمیسیۆن دەگەنە ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنەوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران.

مۆنۆمێنێتێکی نیشتمانی لە شاری هەولێر دروست دەکرێت



ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد کە بەرنامە هەیە مۆنۆمێنێتێکی نیشتمانی لە شاری هەولێر دروست بکرێت.

سەوسەن محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: لە هەرێمی کوردستان لە چەند ناوچەیەک مۆنۆمێنت دروستکراوە کە گوزارشتە لە قوربانیانی ئەو ناوچەیە، بەڵام بەهۆی کەموکورتی و دووریانەوە تا ئێستا نەبوونەتە شوێنێک بۆ ئەوەی شاند و تیمە بیانییەکان کە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن بچنە ئەو مۆنۆمێنتانە و لە نزیکەوە ستەمدیدەیی کورد ببینن.

گوتیشی: بۆ ئەو مەبەستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەرنامەی هەیە مۆنۆمێنتێکی نیشتمانی لە ناوەندی شاری هەولێر دروست بکات، بە جۆرێک زۆرترین بەڵگە و دۆکیۆمێنتی قوربانییەکانی کوردی تێدا کۆ بکرێتەوە و بکرێتە ڕەمزی قوربانیدانی کورد. بە گوتەی ئەو پەرلەمانتارە بەهۆی ئەو مۆنۆمێنتەوە کەیسی ئەنفال و قوربانییەکانی کورد بە شێوەیەکی خێراتر دەچێتە پێشەوە.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/1/30 ژمارە (5922)
خەبات

دۆنالْد ترەمپ پلانی ئاشتیی رۆژهەلاْتی ناوەڕاستی راگەیاند

ئۆرشەلیم وەک پایتەختی بەشنەکراوی ئیسرائیل قبوولْ دەکرێت

بنیامین نەتانیاهوو: سەروەرییەکی مەرجدار و سنووردار دەدرێت بە فەلەستینییەکان



خەبات: رووداوەکانی رۆژ

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالْد ترەمپ پلانی ئاشتی خۆرهەلاْتی ناوەڕاستی ئاشکراکرد و ئاماژەی بەوەکرد قودس وەک پایتەختی بەشنەکراوی ئیسرائیل قبوولْ دەکرێت و جەختی لەوەکردەوە کە پلانەکە دوایین دەرفەتە بۆ فەلەستینییەکان.

دۆنالْد ترەمپ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا کە لەگەلْ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بینیامین نەتانیاهو سازیکرد، پلانی ئاشتی خۆرهەلاْتی ناوەڕاستی بۆ رای گشتیی ئاشکراکرد. ترەمپ تیشکی خستەسەر ئەوەی پلانەکە لە 80 لاپەڕە پێکهاتووە و جەختی لەوەکردەوە ماددەی زۆر بە نرخ لەخۆدەگرێت بۆ ئیسرائیل و لایەنی فەلەستینیش.

سەرۆکی ئەمەریکا لە سەرەتای گوتەکانیدا، ئاماژەی بەوەکرد لە پلانی ئاشتیی خۆرهەلاْتی ناوەڕاستدا ئۆرشەلیم وەک پایتەختی بەشنەکراوی ئیسرائیل قبوولْ دەکرێت. دۆنالْد ترەمپ باسی لەوەشکرد پلانەکە هەروەها دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستین کە پایتەختەکەی قودسی خۆرهەلاْتە لەخۆدەگرێت، بەلاْم سەبارەت بەوەی ئەو پایتەختە کوێیە، وردەکاریی نەدا.

بەپێی پلانی ئاشتیی خۆرهەلاْتی ناوەڕاست، ترەمپ تیشکی خستەسەر ئەوەی لەپێناو وەدیهێنانی مەرجە پێویستەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ فەلەستین، ماوەی چوار ساڵیان داناوە. ترەمپ پێداگیری لەسەر ئەوەکرد پلانی ئاشتیی خۆرهەلاْتی ناوەڕاست بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستین و بۆ فەلەستینییەکان، دوایین دەرفەتە.

سعوودیە پالْپشتی پلانەکە دەکات

وەزارەتی دەرەوەی سعوودییە رایگەیاند کە ستایشی هەوڵەکانی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالْد ترەمپ دەکات سەبارەت بە پلانی ئاشتی بۆ رۆژهەلاْتی ناوەڕاست ناسراو بە گرێبەستی سەدە و داواش دەکات دەست بکرێتەوە بە دانوستانی راستەخۆی ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل.

وەزارەتی دەرەوەی سعوودیە لە راگەیەندراوێکدا، سەبارەت بە پلانی ئاشتی بۆ رۆژهەلاْتی ناوەڕاست ناسراو بە گرێبەستی سەدە کە لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالْد ترەمپەوە راگەیەندراوە بلاوکردەوە لەخۆگرێت رۆشنایی ئەوەی لەبارەی گرێبەستی سەدەوە راگەیەندراوە جارێکی سعوودیە دووپاتی دەکاتەوە پالپشتی لەو هەوڵانە دەکات کە بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ کێشەی فەلەستین خراونەتەگەڕ. ئاماژە بەویشکراوە کە سعوودیە ستایشی هەوڵەکانی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالْد ترەمپ دەکات سەبارەت پێشخستنی پلانی ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل. لە راگەیەندراوەکەدا، داواش کراوە کە لەڕێگەی سەرپەرشتی ئەمەریکادا، دەستبکرێتەوە بە دانوستانی راستەخۆی ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل ئەوەش خراوەتەڕوو کە گرنگە ناکۆکییەکان لەسەر پلانی گرێبەستی سەدەوە بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت.

شارۆچکەی ئەبودیس دەبێتە پایتەختی فەلەستین

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو لەبارەی گرێبەستی سەدەوە رایگەیاند شارۆچکەی ئەبودیس لە ڕۆژهەلاْتی دەبێتە پایتەختی دەوڵەتی فەلەستین و شاری ئۆرشەلیم دەبێتە پایتەختی یەکپارچەی دەوڵەتی ئیسرائیل.

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو دوابەدوای کۆنگرە رۆژنامەوانییە هاوبەشەکەی لەگەلْ سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالْد ترەمپ لەبارەی ناوەڕۆکی بەناو گرێبەستی سەدەوە لێدوانی بۆ رۆژنامەنووسان دا و رایگەیاند شارۆچکەی ئەبودیس لە ئۆرشەلیمی رۆژهەلاْت دەبێتە پایتەختی دەوڵەتی فەلەستین و ئیسرائیلیش لە تەواوی یەکە جوولەکەنشینەکانی کەناری رۆژئاوا سەروەری خۆی رادەگەیەنێت.

بێنیامین ناتانیاهو گوتیشی: بۆ ناساندنی ئۆرشەلیم وەک پایتەختی ئیسرائیل ردزامەندیان لە ئەمەریکا وەرگرتووە.

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو باسی لەوەیشکرد کە بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانی ئاشتی، ئەمەریکا چەند مەرجێکی داناوە لەوانە دانان بە دەوڵەتی جوولەکە لە یەکە جوولەکەنشینەکان، دانان بە سەروەری ئیسرائیل لە ئۆرشەلیم و چاوپۆشیکردنی ڕەها لە مافی دووبارە گەڕانەوە. بێنیامین ناتانیاهو جەختی لەوەش کردەوە تا ئەم مەرجانە جێبەجێ نەکرێن، جگە لە یەکە جوولەکەنشینەکانی دۆڵی ئوردن، یەهودا و سامیرا لە ناوچەی C کەناری رۆژئاوا هیچ گۆڕانکارییەک ڕووندادات، تەنانەت ئەگەر مەرجەکانیش جێبەجێ بکرێن، ئیسرائیل بەردەوام دەبێت لە پاراستنی سەروەری خۆی لەو ناوچانە.

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو ئەوەیشی وەبیرهێنایەوە کە بەڵێنیان داوە بۆ ماوەی چوار ساڵ هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوونی جوولەکە لە ناوچەی C کەرنای رۆژئاوا دروست نەکەن و ئەو یەکانەشی نیستا لە قۆناغی بنیاتناندان فراوانتریان نەکەن و گوتی: لە کۆتاییدا ئیسرائیل سەروەرییەکی مەرجدار و سنووردار دەدات بە فەلەستینییەکان.

بەگوێرەی رێککەوتنی ئۆسلۆی دووەم کە ساڵی 1995 لەنێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا واژووکراوە کەناری رۆژئاوا بۆ سێ ناوچەی Aو Bو Cدابەشکراوە. هەر بەپێی رێککەوتنەکە ناوچەی A کە لەسەدا 18ی کەناری رۆژئاوایە بەڕێوەبردن و ئاسایشی دراوەتە فەلەستین، ناوچەی B کە سەدا 21ی ناوچەکەیە ئیدارەی بەدەست فەلەستین و ئاسایشی بەدەست ئیسرائیلەوەیە، ناوچەی C کە سەدا 61ی کەناری رۆژئاوا پێکدێنێت هەم بەڕێوەبردن و هەم ئاسایشی بەدەست ئیسرائیلەوەیە.

باڵیۆزی ئەمەریکا لە ئیسرائیل بە دڵی ئۆرشەلیم قسە دەکات

هەروەها باڵیۆزی ئەمەریکا لە ئیسرائیل دێڤید فریدمان، رایگەیاند هەر کاتێک ئیسرائیل بەیەوێت کۆمەڵگە نیشتەجێبوونە نایاساییەکانی کەرتی ڕۆژئاوا دەخرێتە پاڵی. فریدمان، کە ئامادەی کۆبوونەوەکەی سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالْد ترەمپ بۆ ڕاگەیاندنی پلانی ئاشتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ دۆخی فەلەستین، لە دوای کۆبوونەوەکەدا بۆ ڕۆژنامەنووسان دوا و لە وەڵامی پرسیاری ئایا ئیسرائیل دەبێت چاوەڕێ بکات بۆ خستنە پاڵی کۆمەڵگە نیشتەجێبوونە نایاساییەکانی کەرتی ڕۆژئاوا؟ فریدمان گوتی: نەخێر ئیسرائیل پێویستی بە چاوەڕوانکردن نییە.

کۆمکاری عەرەبی دژی پلانەکەیە

کۆمکاری عەرەبی سەبارەت بە پلانی ئاشتی بۆ رۆژهەلاْتی ناوەڕاست ناسراو بە گرێبەستی سەدە کە لە لایەن سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالْد ترەمپەوە راگەیەندراوە رایگەیاند ئەو پلانە مافی گەلی فەلەستین بەهەدەر دەدات. لە راگەیەندراوێکدا، کۆمکاری عەرەبی کاردانەوەی نیشاندراوە سەبارەت بە پلانە ئاشییەکەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالْد ترەمپ کە بە گرێبەستی سەدە ناسراوە و ئاماژەی بەوەکردووە کە پلانەکە پابەندکراو نییە و بەدیهێنانی ئاشتی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیل پەیوەستدارە بە ئیرادەی هەردوولاوە نەک ئیرادەی لایەنێکی دیکە. کۆمکاری عەرەبی ڕاشیگەیاندووە کە بە هەر هەوڵێک خۆشحاڵ دەبێت، ئەگەر بە جددی لە پێناو بەدیهێنانی ئاشتی بخرێتەگەڕ. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو، پێویستی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی هەر پلانێکی ئاشتی ئەوەیە کە لەگەلْ یاسای نێودەوڵەتی و دادپەروەرییدا گونجاو بێت. باس لەوەشکراوە پلانی جددی ئاشتی ئەوەیە خواست و بەرژەوەندییەکانی هەردووڵای تیایدا بە هاوسەنگی دەستەبەر کرابێت. کۆمکاری عەرەبی ئاماژەی بەوەیشکردووە کە ڕۆژی شەممەی داهاتوو کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ساز دەکات و تیایدا بە وردی پلانی گرێبەستی سەدە هەڵدەسەنگێنێت.

عادل عەبدولمەهدی ڕەخنە لە ئەنجوومەنی نوێنەران دەگرێت




سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕەخنەی لە ئەنجوومەنی نوێنەران گرت لەوەی نەیتوانیوە دۆسیەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت یەکلایی بکاتەوە و ڕاشیدەگەیەنێت کە ئیدانەی داخستنی ڕێگە و قوتابخانەکان دەکات لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە.

عادل عەبدولمەهدی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی کاربەڕێکەر سەبارەت بە دۆسیەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ئاشکرایکرد کە ئەنجوومەنی نوێنەران هیچ هەنگاوێکی لەوبارەوە نەناوە و داوای کرد کە ئەو دۆسیە بەزووترین کات یەکلایی بکرێتەوە. سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانیش کە بۆ ماوەی چوار مانگە بەردەوامن سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق، عادل عەبدولمەهدی گوتی: لە هەر خۆپیشاندانێکدا لە جیهان قوتابخانە و ڕێگەکان دابخرێن، ئاشتی نییە و تەنانەت مایەی قبوڵکردنیش نییە. عادل عەبدولمەهدی ئاماژەی بەویشکرد کە داخستنی ڕێگەی نێوان بەسرە و بەغدا لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە، زیانی بە هاوردەکردن و هەناردەکردنی نێوان هەردوو شارەکە گەیاندووە. لە یەکی تشرینی ساڵی ڕابردووە خۆپیشاندان دژبە حکوومەت و پارتە دەسەڵاتدارەکان لە عێراق ئەنجام دەدرێت و تا ئێستا بەردەوامە کە لەمیانیدا ٦٠٠ کەس کوژران. ماوەی چەند ڕۆژێکە هێزە ئەمنییەکان هەوڵ دەدەن کۆتایی بەهێنن بە خۆپیشاندانەکان و بۆ ئەو مەبەستەیش ڕێوشوێنی تونديان بەرامبەربە خۆپیشاندەران گرتووەتەبەر.

ستیفن مانسفیلْد بۆ خەبات:

بەشێک لە پلانی سەدەی دۆنالْد ترەمپ کوردستانە



خەبات : مەریوان نەقشبەندی

لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات بیرمەند و نووسەری گەورەی ئەمەریکا ستیفن مانسفیلْد تیشک دەخاتە سەر پلانی سەدەی دۆنالْد ترەمپ بۆ ڕۆژهەلاْتی ناوەڕاست و دەڵێت: ئەم پلانە کوردستانیشی تێدا دەبێت.

ستیفن مانسفیلْد کە چەندین کتێبی بەناوبانگ و پڕخوێنەری نووسیوە و جگە لەوەی 3 کتێبی لەسەر سەرۆکەکانی ئەمەریکا نووسیوە، کتێبی (موعجیزەی کورد)یشی بە چاپگەیاندووە، لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات، گوتی: ڕەنگە لە ئاشکراکردنی پلانەکەیدا دۆنالْد ترەمپ مەبەستی بووبێت کێشەی فەلەستین-ئیسرائیل بخاتە بەرچاوی جیهان بەو هیوایەی سۆزی وڵاتانی عەرەبی و بە تایبەتیش وڵاتە گەورە و دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە ڕابکێشێت و جۆرێک لەبیرکردنەوەی لای تاکی عەرەبی دروستبکات و پشتیوانی جەماوەری و ڕەسمی لە ناوەندە عەرەبییەکاندا بۆ پلانەکەی زیاد بکات، بەلاْم بەشێکی تری ئەم پلانی سەدەیە بە بۆچوونی من ئاشکرا نەکراوە، چونکە هاوپەیمانیەتیەکی نوێ لە ناوچەکەدا دروست دەبێت کە ناکرێ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لە ڕۆژهەلاْتی ناوەڕاستتدا تێدا نەبێت، بەو پێیەی کورد سنووری ڕاستەوخۆ و ڕەنگە تێکەڵاوی لەگەڵ وڵاتە بە ئامانجگیراوەکانی ناوچەکەی ئەمەریکا، دۆنالْد ترەمپ کە بە گرێبەستی سەدە ناسراوە و ئاماژەی بەوەکردووە کە پلانەکە پابەندکراو نییە و بەدیهێنانی ئاشتی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیل پەیوەستدارە بە ئیرادەی هەردووڵاوە نەک ئیرادەی لایەنێکی دیکە. کۆمکاری عەرەبی ڕاشیگەیاندووە کە بە هەر هەوڵێک خۆشحاڵ دەبێت، ئەگەر بە جددی لە پێناو بەدیهێنانی ئاشتی بخرێتەگەڕ. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو، پێویستی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی هەر پلانێکی ئاشتی ئەوەیە کە لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی و دادپەروەرییدا گونجاو بێت. باس لەوەشکراوە پلانی جددی ئاشتی ئەوەیە خواست و بەرژەوەندییەکانی هەردووڵای تیایدا بە هاوسەنگی دەستەبەر کرابێت. کۆمکاری عەرەبی ئاماژەی بەوەیشکردووە کە ڕۆژی شەممەی داهاتوو کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ساز دەکات و تیایدا بە وردی پلانی گرێبەستی سەدە هەڵدەسەنگێنێت.

لە لایەن ئەمەریکاوە هەیە و لە ئالْوزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تاران و واشنتۆنیش هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسی کورد هاوسەنگییەکی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی خۆیان پاراست و لەوکاتەی لە سەرتاسەری عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن و ئێران تەنگەژەی جۆراوجۆر هەیە، بەلاْم کورد سەرقاڵی بونیادنانی ژێرخانی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی دیموکراسیەت و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ئازادیە ئاینیەکاننبۆیە لەم ڕوانگەیەوە ناکرێ کورد و چارەسەرکردنی کێشەکەی لەناو پلانی سەدە نەبێت.

فارس عیسا:
لیژنەیەک بۆ چارەسەری کێشەی زەویی جووتیارانی ناوچە کوردستانییەکان پێکدەهێنرێت

سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، ڕایدەگەیەنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەویی جووتیارانی کورد و ماددەی 140وەزارەتی دادی عێراق لیژنەیەک پێک دەهێنت و بڕیاریشە سەرجەم ئەو زەوییانەی دەستیان بەسەردا گیراوە، بگەڕێندرێنەوە بۆ خاوەنە سەرەکییەکانیان.

فارس عیسا، سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بە خەباتی ڕاگەیاند: ئەو شاندەی سێشەمە لە هەرێمی کوردستانەوە سەردانی بەغدای کرد، چەند کێشەیەکی سنووری ماددەی140ی لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی عێراق خستووەتە بەرباس و گفتوگۆیان لەبارەوە کردووە.

لەبارەی کێشەی زەویی جووتیاران و کێشەکان لە سنووری ماددەی140 فارس عیسا، گوتیشی: وەزارەتی دادی عێراق و دادگای باڵای عێراق بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشانە، لیژنەیەکیان پێکهێناوە.

سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەش کرد: سەرجەم ئەو زەوییانەی لە لایەن عەرەبە هاوردەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، بڕیارەکەیان هەڵدەوەشێندرێتەوە و ڕێگریش دەکرێت لە داگیرکردنی زەویی جووتیاران.

داوی رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، هەڵمەتی داگیرکردنی زەویی جووتیارانی کورد لە سنووری ماددەی 140 لە لایەن عەرەبی هاوردەوە و بە هاوکاریی سوپای عێراق و لە پاریزگای کەرکووک بە فەرمانی ڕاکان جبووری دەستپێکردووە.



دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ڕێوڕەسمێکی بۆ سالیادی کۆچی دوایی تەڵعەت سامانی ساز کرد
مەحموود محەمەد: مامۆستا تەڵعەت سامان، سیاسەت و خەمخۆری بۆ نیشتیمان و نەتەوە لە سەرجەم بەرهەمەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە



هەولێر-KDP.info:

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی و خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە سالیادی کۆچی دوایی نووسەر و هونەرمەند (تەڵعەت سامان)ی لە هۆڵی ڕاگەیاندن بەڕێوە برد، تێیدا بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، گوتارێکی پێشکەشکرد و ڕایگەیاند، تەڵعەت سامان هەموو ژیانی خۆی لەپێناو هونەر و شانۆ و نووسین بۆ پاراستنی کەلتووری کوردی بەسەر بردووە.

دوێنێ چوارشەمە ئامادەبوونی محەموود محەمەد، بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی هەرێمی کوردستان، مەراسیمی سالیادی کۆچی دوایی نووسەر و هونەرمەند تەڵعەت سامان لە هۆڵی ڕاگەیاندن بەڕێوەچوو، سەرەتا کاروان عەبدوڵلا بەرپرسی خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، گوتارێکی لەسەر ژیانی تەڵعەت سامان و هەوڵەکانیان بۆ بەڕێوەبردنی مەراسیمەکە و کۆکردنەوەی بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی کۆچکردوو پێشکەشکرد، تێیدا هونەرمەند نووسەری بە بەشێک لە هونەری بەرگری ناو برد، بەو پێیەی لە کاتێکدا هاتووەتە نێو بواری شانۆ، ڕژێمی ئەوکاتی عێراق هەوڵی تەعریبکردن و شێواندنی کەلتووری کوردیی داوە و، ئەویش بە شانۆ و بەرهەمەکانی بەرگری لە کەلتووری کوردی کردووە و ئەو هەوڵانەی نەیارانی کوردی شکست پێهێناوە.

دواتر مەحموود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، گوتاری خۆی لە مەراسیمەکەدا پێشکەشکرد و ڕایگەیاند، کە تەڵعەت سامان هونەرمەندێک بووە، تەنیا جەزی بۆ بوارەکە نەبووە، بەڵکو هەموو توانای خۆی لەو ڕێیەوە خستۆتە گەڕ لە پێناو نەتەوە و نیشتیمانەکەیدا، کە لە بەرهەمەکانیدا دڵسۆزیی بۆ کورد و کوردستان ڕەنگی داوەتەوە.

مەحموود محەمەد جەختیشی لەوە کردەوە، کە هونەرمەندی کۆچکردوو هەمیشە گوتوویەتی پاڵپشتی بکەن، تا بتوانێت زیاتر لە ڕێی هونەرەوە خزمەتی گەلی کوردستان بکات، جەختیشی لەوە کردەوە، کە هەرگیز تەڵعەت سامان ئامانجی لە کارەکانیدا دەستکەوتی مادیی نەبووە، بەڵکو هەمیشە لە خەمی پاراستن و گەشەپێدانی کەلتووری کورد بووە، چ لە ڕێی شانۆکانی، یا نووسینەکانییەوە.

بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی، لە میانەی گوتارەکەیدا باسی لە بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کرد، کە تێیدا ئاماژەی بەوەدا لە ڕوانگەی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، هەرێمی کوردستان وەک واقیعێن تەماشا دەکرێت، ئەویش بە هۆی سیاسەتی هاوسەنگی کە سەرکردایەتیی کورد پیادەی دەکات، جەختی لەوەش کردەوە، لە نێو ئەو هەموو تەمومژەی عێراق و ناوچەکەی گرتۆتەوە، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان ئومێد هەیە، چونکە وڵاتانی جیهان بە چاوێکی دیکە تەماشای هەرێمی کوردستان دەکەن و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

هۆکاری باسکردنی بارودۆخی ناوچەکە و پەیوەندی و تێڕوانینی وڵاتانی دونیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لەلایەن بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتییەوە، کە وابەستەی باسکردنی ژیان و کارەکانی تەڵعەت سامانی کرد، وەک خۆی گوتی: ناکرێ باسی ژیاننامەی ئەو هونەرمەندە گەورە بکرێت و باسی سیاسەت، نەکرێت، چونکە خودی مامۆستا تەڵعەت سامان، سیاسەت و خەمخۆری بۆ نیشتیمان و نەتەوە لە سەرجەم بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. لە کۆتایی گوتارەکەیشیدا مەحموود محەمەد ئومێدی خواست جێگای کۆچکردوو بەهەشت بێت، هاوکات هەڵوێستە و بەرهەمەکانیشی لە نێو کوردا زیندوو بمێننەوە.

بەغدا.. بریندارببوونی حەوت پۆلیس

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا ڕایگەیاند، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی دەستی کە لە لایەن خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی خەلانی ناوەڕاستی بەغداوە ئاراستەی هێزە ئەمنییەکان کرابوو، حەوت پۆلیس بریندار ببوون. لە ڕاگەیەندراوێکدا، فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا بڵاویکردەوە کە لەمیانی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی دووشەمەدا، خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی خەلانی ناوەڕاستی بەغدا، بۆمبێکی دەستیان ئاراستەی هێزە ئەمنییەکان کردبوو. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە بەهۆی تەقینەوەی بۆمبەکەوە، حەوت پۆلیس بریندار ببوون.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا جەخت لەوەکراوەتەوە کە هێزە ئەمنییەکان لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی هەوڵدەدەن دان بە خۆیاندا بگرن و هێز بەکارنەهێنن و لە بەرامبەردا داوا لە خۆپیشاندەرە ئاشتیخوازەکان کراوە هاوکاری هێزە ئەمنییەکان بکەن بۆ ئەوەی ئەو گرووپ و کەسە تێکدەرانە ئاشکرا بکرێن کە لەمیانی خۆپیشاندانەکاندا، کردەی توندوتیژی ئەنجام دەدەن. جێی باسە لە ڕۆژی شەمەی ڕابردووە، گۆڕەپانی خەلانی ناوەڕاستی بەغدا ببوە بە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی توندی نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران، ئەوەیش داوای ئەوەی هێزە ئەمنییەکان وەک هەوڵێک بۆ کۆتایی هێنان بە خۆپیشاندانەکان هەڵیانکوتایە سەر گۆڕەپانەکە و خیوەتی خۆپیشاندەرانیان سووتاند.

ڤایرۆسەکە بەرەو وڵاتانی دیکەش تەشەنەی کردووە



تا ئێستا لە چین 132 کەس بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە

کۆمیسیۆنی تەندروستی نیشتمانی چین لە ڕوونکردنەوەیەکدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە تا ئێستا 132 کەس بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە و زمارەی توشبووان بە ڤایرۆسەکەش بۆ پێنج هەزار و 974 کەس بەرزبووەتەوە کە ڕەوشی تەندروستی 239یان ناجێگیرە.

لە بەروارێ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەوە تا ئێستا 103 کەس چاکبوونەتەوە و نەخۆشخانەیان بەجێهێشتووە. هەروەها لە هەرێمەکانی هۆنگ کۆنگ هەشت حاڵەت و ماکاو حەوت حاڵەتی توشبوون بە ڤایرۆسەکە تۆمار کراون. لە ویلایەتی هوبای ناوەندی چین ڤایرۆسەکە بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاوبووەتەوە و 125 کەس لەوانەی گیانیان لەدەستداوە لەم ویلایەتەبوون و سێ هەزار و 554 کەسی دیکەش هەڵگری ڤایرۆسەکەن.

جێی ئاماژەیە ڤایرۆسەکە بەرەو وڵاتانی دیکەش تەشەنەی کردووە و لەم نێوەندەدا لە تایلاند 14 لە ژاپۆن حەوت، لە سینگاپورە پێنج، لە ئەمەریکا پێنج، لە ئوستراڵیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و کۆریای باشوور هەر یەکەیان چوار، لە ماڵیزیا سێ، لە ڤیێتنام دوو، لە نیپاڵ، کەنەدا، کەمبۆدیا و سریلانکا، ئیمارات، هەریەکەیان یەک حاڵەتی توشبوون بە کۆرۆنا تۆمار کراوە.


بە مەستی لە نزیکەوە ئاگادارببوون لە شێوازی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسەکە سەرۆکی گشتیی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، تێدروس ئادهانۆم گێبرێیەسۆس سەردانی چینی کرد و لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە، ڤانگ یی کۆبووەوە.

لای خۆشییەوە ڤانگ یی ڕایگەیاند متمانەی تەواویان بەخۆیان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسەکە و ئیمکانیاتی پێویستیشیان لەبەردەستدایە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە لە 12ی کانوونی یەکەمی 2019دا لە شاری وهانی سەربە ویلایەتی هوبای جۆرێکی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا دۆزرایەوە. لە 31ی کانوونی یەکەمیشدا کۆمیسیۆنی تەندروستی شارەوانی وهان ڕایگەیاند، دوای ئەوەی 27 کەس بەهۆی سەردانیکردن و ئیشکردن لە بازاڕی بەرهەمە دەریاییەکانی هوانان دووچاری ڤایرۆسەکە بوون، بازاڕەکەیان داخستووە. لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە سەرچاوەی ڤایرۆسەکە چەند جۆرێکی شەمشەمە کوێرە و ماوە، بەمەهۆیەوە تا بنەبڕکردنی ڤایرۆسەکە بازرگانیکردن بە ئاژەڵە کێویییەکانەوە قەدەغە کرا. لە ماوەیەکی کورتیشدا ڤایرۆسەکە بۆ شار و ویلایەتەکانی دیکەی چین تەشەنەی کرد و بەم هۆیەوە لە 22ی ئەم مانگەوە لە 17 شاری ویلایەتی هوبای هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی وەستێندراون.

www.xebat.net
پێنج شەمە 2020/1/30 ژمارە (5922) | خەبات

ئیدریس بارزانی
مللەتەک بوو بۆ مللەتێ خۆ



سەباح بەیتۆلا

مللەت شانازیێ ب سەرۆک و ڕێبەرێت خۆ دکەن تایبەت ئەوێت هەمی ژیانا خۆ ژبۆنا سەربلندیا گەلێ خوە تەرخاندکەن . ئەو مللەت د وەفادارن بەرامبەر وان سەرۆک و ڕێبەرێت خۆ و ل سالیادا واندا بیرهاتنێن وان ساخ دکەنەڤە وشانازیێ ژی پێ دکەن . ساخ کرنەڤا سالیادا وان نە بەس بۆ هندێ یە ب تنێ بیرهاتنا وان بکەنەڤە لێ بۆ هندێ یەبەڕێت میژوویێ هەلدەنەڤە و وانە و پەند و ئەزمۆنا ل خەبات و بەرخۆدان و تێکوشینا وان وەربگرن و ڕێبازا وان بژخۆ دکەنە سەرمەشق و لسەر دچن تاکۆ ئامانجێت وان و گەلێ خۆ بدەستڤە بینن ... مەبەستا من لڤێ پەیڤا کورت دابیرهاتنا مرۆڤەکێ شۆڕشگێر و دلسوز و فیداکار و بلیمەت و زانا و مەلەڤانێ دیبلوماسیەت و سیاسەت و شۆرشێ ،مرۆڤەک چاڤ نەترس و خوراگر و قەهرەمان ئەو ژی سەرکردێ هەردەم ساخ ئیدریس بارزانی یە.

من گۆت پەیڤەکا کورتەلێ یا کورت چونکی ژینا مرۆڤەکێ هوسا یێ بلیمەت و زانا و سیاسەتڤان و خەباتکار و پێشمەرگە و قوتابیێقوتابخانا بارزانییێ نەمر کو هەمی ژیانا وی دەستکەفت و سەروەری و سەربلندیێ یە بۆ گەلێ وی و مرۆڤ نەشێت بچەند ڕێزەکا یان چەند بەرپەرەکا ژینا ڤان قەهرەمانا بەحس بکەت و ب تنێ مرۆڤ دشێت بێژیت دلوپەک ژ دەریایەکامەزن و بەرفرەە یان مستەک ژ بێدەرێ.

لڤێردا چەند خالا دێ بەحس کەم ل سەر ژینا وی و سەروەریا ڤی مرۆڤێمەزن و قەهرەمان :

1-شەهید ئیدریس خاوەن کەسایەتیەکێ ب هێز بوو بەرامبەرێ خۆ نەچار دکر گوهدێریا شیرەتێتوی بکەت و دان و ستاندنەکا تەناە دا دگەل ساز بکەت و دکاری ب تەمامی باوەریێ پێ بکەت کو ئەڤە ژی خەسلەتەکامرۆڤێن سەرکردەنە .

2-فەرمودێت وی کاریگەر و ل جهێ خۆ بوون و بەرامبەری وی حێبەتی دبوو و دئاخفتنێت خوداسوود ل ئایەتێت قورئانا پیرۆز و فەرمودێت پێغەمبەری (س.خ) وەردگرت دگەل ئاخفتنێت سەرکردێت دیتر ئەوسەرکردێت ژینا خۆ بۆ سەربلندیا گەلێ خۆ تومار کرین .

-3شەهید ئیدریس دەستێ ئومێدێ بەرنەددا و دگەل هەڤالبوو چونکی باوەری ب سەرکەفتنا دۆزا گەلێ خۆ هەبوو .

4- شەهید ئیدریس دویر بەری خۆ ددا کێشا بۆ چارەسەریاهەر کێشەیەکێ دەمەکێ دربژێ تەرخان دکر و پرسیار ب رەخ و چانێت خۆ دکر و ڕەئی و بوچوونێت دیتر وەردگرتن وبابەت دەولەمەند دکر پاشان دا بریارا دویماهیێ لسەر دەتن و نهێنییێ یا سەرکەفتنا وی لڤێرە دا بوو .

5- وزوح و روئیاو گەش بینی و دوو خەسلەتێت مەزن بوون کو دژینا ڤی سەرکردەیی دا ڕەنگ ددانەڤە لەورا بوچوونێت وی پێش وەختدەرباەری گەلەک بابەت و کێشەیان دا راست ودروست دەردکەفتن و هەڤالێت وی باوەریی یەکا مەزن پێ هەبوو .

6- شەهیدێ سەرکردە ئیدریس بارزانی ئەندازیارێ ڕێکخستنا ناڤمالا کوردی بوو وهەر ئەو ڕێکخستن ژی بۆ ئەگەرائێککڕێزیا مللەتێ کورد و سەرهلدنا پیرۆز لێ دروست بوو .

7- شەهید ئیدریس خۆ ب هەڤال و نێزیکترین کەسێهەژار و بەلنگازا دزانی چونکی باش دزانی کو سوتەمەنییێت شورشێ ئەون .

8- شەهید ئیدریس مەزنترین پشتەڤانێئاوارا بوو پشتی پیلانا خیانەتکاریا (6/ئادارا/1975)ێ و ل ئاوارا خودان دەرکەفت و چارەسەریا کێشە و ئاریشەییێنوان ب ملێ خوڤە گرتبوو و دگەل رژێما شاهێ گۆر ب گۆرێ ئیرانێ د مل ملانێ دابوو بەرامبەر پەناهندا وچارەسەرکرنا ئاریشەییێن وان ، دگەل سەرۆکێ هێژا مەسعود بارزانی باریێ هەرەگرانێ پشتی سالا 1975ێ هەلگرت وپێکڤە داریشتنا دەست پێکرنەڤا شۆڕشێ و ئامادەکرنا کەرەستێن شورشا گۆلانا پێشکەفتنخواز و دروست کرنا ئۆمێدێێ بۆ جەماوری ب باشی هەلگرتبوو.

9-شەهید ئیدریس بارزانی ستوینا هەرە موکما شۆرشا 26ێ گولانانیشتیمانی یا پێشکەفتنخوازبوو .

10- دوست و دوژمنان حسابەکا مەزن بۆ دکرن لەورا هەمی دەما ژ لایێ دوژمن ونەحەزانڤە جهێ ئارمانجا بوویە و شەهید ئیدریس ب مەترسی یەکا مەزن ل سەر خۆ دزانی ژبەر ڤێ چەندێ هەمیدەما پیلان ل دژی وی دهاتنە گێران .

11- شەهید ئیدریس دەست ل هەڤالێت خۆ بەرنەددا و پشتەڤانی لێ دکرن و ئەڤەژی خەسلەتێت سەرکردێت مەزنە.

12- شەهید ئیدریس یێ بەرنیاس بوو ب بوێری و براشکاویا خو یا بەردەوام لەواهەمی کەسا حسابەکا تایبەتی بۆ ئاخفتن و بیروبوچوونێت وی دکر .

13- شەهیدێ سەرکردە ئیدریس بارزانی ئەندازیارێ ڕێکخستنا ناڤمالا کوردی بوو وهەر ئەو ڕێکخستن ژی بۆ ئەگەرائێککڕێزیا مللەتێ کورد و سەرهلدنا پیرۆز لێ دروست بوو .

14- شەهید ئیدریس بارزانی یەمام ئەمان بوو نەبەس بۆ پارتی بەلکی بۆ تەفگەرا رزگاریخوازیاکوردی ژی و ل دەرڤێت دژوار و گران هەمیا هەوارا خۆ بۆ وی دئینا چونکی دزانی گەلەک ب شارەزایی و حیکمەت وزانایی قە دێ پێنگاڤا هاڤێژیت.

15- شەهید ئیدریس باوەری یەکا مەزن ب خۆ هەبوو چونکی پەند و ئەزمون و وانە لقوتابخانا کوردایەتیێ و ماموستایێ وێ قوتابخانێ بارزانییێ نەمر وەرگرتبوون لەورا مەلەڤانەکێ سیاسیێ بهێز بووو خۆ لبەر کارەسات و تەنگاڤیا ڕادگرت و لسەر خۆ بۆ پرسان دچوو.

16- شەهید ئیدریس ل هەلکەفت و بیرهاتنادا یاداڤەهرەمانا دکرەڤە و ب شانازیڤە ناڤێ شۆڕشگێرو قەهرەمانا دئینا و نێزیکترین کەس وکارێ شەهیدا بوو .

17- ئاخفتنێت وی بەرامبەر ب دوژمنان درەق و دژوار و راستگو و روو ب روو بوون و هیچ دەمەکیچ تەسلیمی دوژمن وداگیرکەرا نەدبوو و هەمی دەما وەکی چیایەکێ خورستی بەرامبەری وانا رادوەستا و ب ڕاشکاوی پەیڤا مللەتێ خۆڤاراستە دکر.

18- کەساتیەکێ بهێز بوو ژبەر ڤێ چەندێ دوست و دوژمنا حسابەکا مەزن بۆ دکر و ئازادیخواز وئاشتیخوازا قەستا وی دکر بۆ وەرگرتنا ئیلهاما شۆرشگێری و سوود وەرگرتن ل ئەزمونا وی یا پڕ دەولەمەند لسیاسەت و خەباتێ دا .

19- کەساتیەکێ بەرنیاس بوو نە بەس بۆ گەلێ کورد بەلکۆ بۆ هەمی گەلێت ئازادیخواز و لسەرئاستێ ڕۆژهەلاتا ناڤێن و دەرڤە یێ بەرنیاس و بناڤ ودەنگ بوو و بۆ کێشەییێت مەزنێت دونیایێ مشوەرەت دگەلدهاتە کرن .

20- مرۆڤەکێ لسەر خۆ موتەوازع و رح سڤک و ئاخفتن شرین لەوما هەمی مرۆڤەکێ حەز دکر ل دیوانا وێرونێت و زمانێ هەژار و بەلنگازا باش دزانی لبەر ڤێ چەندێ وان پتر هەمی کەسەکێ دیتر قەستا وی دکر و ب راستیشەهید ئیدریس مللەتەک بوو بۆ مللەتێ خۆ .

21- هەمی دەما دگۆتە سەرکردایەتیا پارتی ئاریشێت مەزن بۆ من بجەبهێلن چونکی باوەریی یەکا مەزن ب خۆ و دۆزا گەلێ خۆ هەبوو .

22- پشتی کونگرا نەهێ یا پارتی دیموکراتیکوردستان ئیدریسی دگۆتە هەڤالێت خۆ دەرگەهێت خۆ بۆ خەلکی ڤەکەن و گوهدێریا داخاز و پێشنیاریێت وان بکەن ،هەروەسا دگۆت بۆ هەلسەنگاندنا هەر مرۆڤەکێ هەردوو لایەنێت وی پێت باش و خراب لێک بدەنەڤە و پاشان بریارێلسەر بدەن .

23- ئیدریسێ نەمر دناڤ پارتی دا دویڤچوونا جێ بەجێ کرنا بریارا دکر کۆ ئەڤە ژی ئێکەل خەسلەتێتسەرکردێت مەزن .

24- پروسا شۆڕشێ چەند پروسا خەباتا رزگاریخوازیا نیشتیمانی یە وەکی ئاخ ، بەلێ راستیامەسەلێ ئەڤەیە ... ئاخ بێ جەماور ناهێتە پاراستن ، لەوما ئیدریسێ نەمر گەلەکێ نێزیک بوو ل جەماوری .

25- ئیدریسێ نەمر شارەزایا تەمام لسەر دوست ودوژمنێت کوردا هەبوو ، سیاسەتا نێڤ دەولەتی باش دزانی ،بیروبوچوونێت هێژێت ناڤخۆ باش دزانی ، بیروبوچوونێت دەولەتێت دراوسێ باش هەلسەنگاندن بۆ دکر ، کەسایەتێتسەربازی و سیاسی و ڕەوشەنبیری ل ناڤخو و دەرڤە دناسێن و دزانی چەوا پێنگاڤا دانێت لەوا دکارێ خۆدا گەلەکێسەرکەفتی بوو 2600 - ئیدریسێ نەمر ژبلی بەیاڤێت سیاسی و دیپلوماسی و ئیداری و جڤاکی کو شارەزایی هەبوو ،شارەزایەکا باش ل بەیاڤا لەشکری ژی هەبوو و نەخاسمە ل داستانا مەزن و بناڤ و دەنگا هندرین ل سالا 1966 کوسەرکەفتنەکا گەلەکا مەزن بدەستڤە ئینایی 27- باوەریەکا مەزن ب کوردایەتیێ هەبوو لەوا بۆ ئەندازیارێ ئێک بوونا‌گەلێ کوردستانێ و رولەکێ مەزن هەبوو ل دامەزراندنا بەرەیێ کوردستانێ کو ئەو بەرە و ئەو ئێکگرتن بوونە هێڤێنێتسەرهلدانا بهارا سالا 1991ێ . 28- زۆرێ شارەزا بوو ل هۆزانێت ئەحمەدێ خانی و مەلایێ جزیری و شەمسێتەبرێزی و هەژارێ موکریانی و زورباەی هوزانێت وان لبەر بوون و سوود لێ وەردگرت بۆ ناڤ ڕێکخستنا مالا کوردی .

29- ل تەمەنێ (17)سالیێ دا کەسایەتیا سیاسی یا وی دەردکەڤێت وحەتا سەرنجا دوژمنی ژی بۆ خۆ رادکێشیت ، لەواهەر ل سالا 1961 ێ فەرماندێ سەربازیێ حکومەتا عیراقێ ل مێرگەسور داخازا دان و ستاندنێ دگەلدا دکەت .

30- ڤیسەرکردێ مەزن ڕامانا ترسێ و ماندیبوونێ ژبونا خزمەتا گەل و وەلاتێ خۆ نەدزانی و شەڤ و ڕۆژ تێکهەل دکرن بۆسەرکەفتنێ .

31- شارەزایەکا باش ل دان و ستاندنا هەبوو و ل ڕێکەفتنا (11)ێ ئاداری رولەکێ کاریگەر هەبوو .

32- خەسلەتا مرۆڤێ مەزن و قەهرەمانەکێ ماندی نەناس هەلگرتبوو . هەرکەسەکێ تێکهەلی و شارەزایی دگەل هەبوو بێتحەتا حەتا ژ بیرناکەت و دێ ب شانازیڤە بەحس کەتن و دێ بیرهاتنێن وی کەتەڤە .. بەلێ راستە دناڤ گەلاندا ڕێبەر وسەرکردە دروست دبن ئەوێت هەمی ژیانا خۆ بۆ گەلێ خۆ تەرخان دکەن و نێک ژ وانا سەرکردێ شەهیدێ هەردەم ساخئیدریسێ نەمرە .. لێ مخابن تەمەنەکێ کێم ژیا بەلێ گەلەک دەستکەفت و سەروەری بۆ گەلێ خۆ تومارکرن.... ڕاستەئەلهۆ ژی کێم دژیت بەلێ بسەر بلندی دژیت و ئەلهۆ ب بلنداهییێ نەبیت نافریت و ل بلنداهییێ ژی نەبیت نامریت ... ئیدریس ژی کێم ژیا بەلێ گەلەک ب مەردایەتی و قەهرەمانی و سەربلندی ژیا و بیرهاتنا تە دکەینەڤە و سوودێ لئەزمونێ تەیێ پر دەولەمەند ل خەبات و سیاسەت و شۆڕشێ دا وەردگرین ل کوردستانا ئازاد و سەرفیراز ... بیرهاتناتە پیرۆز ... ڕێبازا تە بەردەوام ئەی سەرکردێ مەزنێ گەلێ کورد و قوتابیێ ڕێبازا پیرۆزا بارزانییێ نەمر.

بۆ چلەی کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرین بێستوون مام ڕەزا
دوا وێنە و ماڵئاوایی



ساسان دەروێش-هۆڵەندا:

چل ڕۆژ لەمەوبەر بیستوون مام ڕەزا پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان و کادیری پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری لیژنەی ناوچەی هۆڵەندا لە شاری ئارنهیم بە نەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی لە هۆڵەنداوە گەڕاینرایەوە بۆ زێدی خۆی لە شاری سلێمانی بە خاک سپێردرا .

ئاخ! پاییزی دڵ بە برین و پڕ لە سوێ، بۆ لە شەوی یەڵدا و دواساتەکانی پایزت، دوا گەڵات کردە ڕەشەبای هەواڵێکی شەوی درێژت و بە گوێی هەمووماندا و فرمێسکت لە چاومان خزان و خەم و پەژارت کردە گەردنمان، بەم کۆچە لە ناکاوەت، بێستوونی هەمیشە برام و لە دڵما شیرین و قسەخۆش، لەگەڵ خۆت برد، هەواڵەکەت هەموومانی لە ناخەوە خەمبار کرد بۆ لە دەستدانت، من چاوەڕوانی هەستانەوەت بووم بەو خۆڕاگرییەت کە لە سلێمانی بەدیدارت شادبووم لە 2019/4/10 لەگەڵ نووسەری گەنج و لاو زانیار سەردار قڕگەیی، دوا بەرهەمی چاپکراوی خۆی بە ناوی کەسایەتیی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا پێشکەشکردی، کە زۆر دەمێک بوو چاوەڕوانی بووی لەودەمەی کە پێکەوە لەگەڵ برای نووسەر، لە چاوە کز و ماتەکانتا و جەستەیەکی بێ هێز و ئازاریکی قوواڵی بێ کۆتایی و چاوێکی فرمێسک قەتیسماو شەرمم بەدی کرد لە گەورەییتادا لەبەردەم دایکت پورە سەبری کە هیچ نەزانێ و هیچ نەدرکێنم لەسەرت و دڵنەوایی منت کرد و گفتت دامێ، بەزووترین کات بگەڕێتەوە هەروەک جاری جاران لە دوای کارکردنت بەرەو ماڵەوە لە ڕێگا زەنگێکی تەلەفۆنم بۆ لێبدەی، ئەمە چ سەفەرێک بوو زوو هاتیەوە، زوو گەڕایتەوە، دڵت ئۆقرەی نەگرت لە نامۆبوون و کێشەوەری سارد و سڕی بێ مەجلیسی کۆبوونەوەی هەڤاڵانت، پەلەت بوو بگەیتە هەڤاڵەکانی شاخ و شارت کە گیانیان بەختی کوردستان کرد، ئەمە تەنها بۆ ماڵئاوایی بوو هاتی و لە چاوان خۆت ون کرد، بەڵام لە وێژداندا بۆ هەمیشە زیندووی و بەشێکی لە ئەلبومی یادگاری وێنەکانم، لە وێژدانما بۆ هەمیشە زیندوویت ، ئەو دیاریەشی لە یادی 55 ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی خەبات و یادکردنەوەی لە شاری ئەلیەی هۆڵەندا پێشکەشکردم بۆ هەتا هەتایە پارێزراوە لە لام و هیچ کات نەخۆم و هەڤاڵەکانت لە بیرت ناکەین لەو دڵسۆزی و ڕەوشتە جوانەی پارتەیەتیت کە پەروەردەی بووی و هەمیشە دڵت پڕ بوو لەوەی کە ڕۆژێک کوردستان ببێتە دەوڵەت و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیەنێ و دڵسۆزانە لە ڕیفراندۆم کاری زۆرت بۆ کرد، خوات لەگەڵ هەمیشە براکەم، هەر ڕۆژێک دەبێت بگەینە خەونی تۆی برا و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان .

بێستون ڕەزا حەمە ئەمین ناسراو بە بێستون مام ڕەزا لە دایکبووی ساڵی 1967 لە شاری سلێمانییە و لە بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەر چاوی هەڵهێناوە، کە خۆی و دوو برای تری و دایک و باوکی پێشمەرگە بوون و لە سەنگەری بەرگریکردندا بوون، لە ساڵی 1983 پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی پارتی لەناو شاری سلێمانی لە ساڵی 1985 بووەتە پێشمەرگە و وەک گەنجێکی تازەپێگەیشتوو بەشداری لە زۆرێک لە شەڕەکانی سنووری سلێمانی لە ساڵی 1988 یشدا بەشداری شەڕی بە ناوبانگی خواکورکی کردووە کە بچووکترین پێشمەرگە لەنێو ئەرشیفی وێنەکاندا دەبینرێت، لە ساڵی 1993 لە هۆڵەندا نیشتەجێی بوو و دوا پلەشی بەرپرسی ڕێکخراوی شاری ئارنهێم بووە.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/1/30 ژمارە (5921)
خەبات

بەرپرسی لقی 16 ژمارەیەک هاوڵاتیانی سنوورەکەی بەسەردەکاتەوە



لەبەردەوامی سەردان و بەسەرکردنەوەی چین و تۆیژە جیاجیاکان و هاونیشتمانیانی دەڤەرەکە بەئامانجی ئاگادارکردنەوە لەژیان و گوزەران و کێشەو گیروگرفت و پێداویستیەکانیان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی بەیاوەری دکتۆر شاڵاو مەلا ئەمین خۆشناو و ئاوارە هەولێری و کوردۆ ئەحمەد کارگێڕانی لق سەردانی هەریەکە لە سالار ئاژگەیی و ملازم عبدالرحمن و چەند هاونیشتمانیەکی دیکەی کرد.

لەمیانەی سەردانەکانیدا بەرپرسی لقی16ی هەولێر وێڕای هەواڵپرسین لەباری تەندروستی و ژیان و گوزەرانی ئەو هاونیشتمانیانە لەکێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانی خەڵکی سنوورەکەو ئەو هۆکارانەی پرسییەوە کە بوونەتە لەمپەر لەبەردەم زیاتر خۆشگوزەرانی خەڵکی ناوچەکەو جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان بۆ ئەوەی لەرێگای دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

هەر لەمیانی سەردانەکانیدا لەلایەن هاونیشتمانیانەوە چەندین سەرنج و پێشنیارو داواکاری خرانەڕوو کە بەئەنجامدانیان سوودی زۆریان بۆ خەڵکی سنوورەکە دەبێت و لەبەرامبەردا بەرپرسی لقی16ی هەولێر بەڵێنی پێدان کە هاوکارو پشتیوان دەبێت بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان.

بەرپرسیٚ لقا نۆ: مللەت شانازیێ ب سەرۆک و رێبەرێت خۆ دکەن ب تایبەت ئەوێن هەمی ژیانا خۆ ژبۆ سەربلندیا گەلێ خوە تەرخان دکەن



بهەلکەفتا سالڤەگەرا ئیدریس بارزانی ل بارەگایێ لقا 9 سەباح بەیتوللا بەرپرسیٚ لقا 9 یا پارتی دیموکراتی کوردستان سمینارەک بو هەژمارەکا قوتابیان پێشکێشکر. دڤێ سمینارێدا بەرپرسیٚ لقا 9 راگەهاند: شەهید ئیدریس بارزانی مللەتەک بوو بۆ مللەتێ خۆ و مللەت شانازیێ ب سەرۆک و رێبەرێت خۆ دکەن ب تایبەت ئەوێن هەمی ژیانا خۆ ژبۆ سەربلندیا گەلێ خوە تەرخان دکەن، ئەو مللەت د وەفادارن بەرامبەر وان سەرۆک و رێبەرێت خۆ و لسالیادا واندا بیرهاتنێن وان ساخ دکەنەڤە و شانازیێ ژی پێ دکەن، ساخ کرنەڤا سالیادا وان نە بەس بۆ هندێیە بتنێ بیرهاتنا وان بکەنەڤە، لێ بۆ هندێیە بەرپەرێت میژوویێ هەلدەنەڤە و وانە و پەند و ئەزموٚنا ل خەبات و بەرخۆدان و تێکوشینا وان وەربگرن و رێبازاوان بۆ خۆ دکەنە سەرمەشق و لسەر دچن تاکو ئامانجێت وان و گەلێ خۆ بدەستڤە بین. لدیماهیا پەیڤا خودا بەرپرسیٚ لقا 9 پشتگیریا خو بو قوتابیان دەربڕی و راگەهاند: قوتابی دەولەمەندترین چینا جڤاک و کۆمەلگەهێ و وەلاتی یە، پەرەپێدانا شیان و حەزێن قوتابی ئەرکێ سەرەکییٚ هەر سازیەکێیە چونکی بهێزکرن و بناغە دانانا بنچینە شیانێن قوتابی ئاسۆیەکێ پرشنگدار و گەشە بۆ مسۆگەرکرنا ئایندەیێ قوتابیان.

پرسە و سەرەخۆشی

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان
بەڕێزان خانەوادەی عەبدوڵڵا غەفار بێدوهی
بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ناسراو و تێکۆشەر و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول و شۆڕشی گوڵان، خوالێخۆشبوو (عەبدوڵڵا غەفار بێدوهی) برای هەردوو شەهید (شەعبان غەفار و عەلی غەفار بێدوهی)مان بیست. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە تێکۆشەر و کوردپەروەرەکەتان و تەواوی کەسوکار و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخوای گەورە داواکارین گیانی کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە هەموو لایەک ببەخشێت.
انا لله وانا اليه راجعون
مەکتەبی سیاسی

بڕیارەکەی پارێزگاری هەولێر بۆ دانانی مۆلیدەی بێدەنگ جێبەجێ دەکرێت

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: بڕیارەکەی پارێزگاری هەولێر بۆ دانانی مۆلیدەی بێ دەنگ جێبەجێ دەکرێت. بەرپرسانی مۆلیدە ئەهلییەکان و رێکخراوە ژینگەپارێزەکانیش، پشتیوانیی بڕیارەکە دەکەن.

بەیار فایەق، گوتەبێژی پارێزگای هەولێر بە خەباتی راگەیاند، بە بڕیاری پارێزگار بۆ مۆلیدە ئەهلییەکان، دەبێ تا 1ی 5ی2020 سەرجەمییان بکرێنە بێدەنگ کاتم، گوتی: پێداگرین لە پارێزگای هەولێر کرا بە گوژمەی 1ملیار و 429 چوار سەد و بیست و نۆ ملیۆن 632شەش سەد و سی و دوو هەزار و 298 دووسەد و نەوەد و هەشت هەزارە و ماوەی تەواو بوونی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە، هەر کەسێک ئاڕەزووی دانانی مۆلیدەی کاتمی هەبێ، تا 1ی3ی2020 دەبێت ناوی خۆی لە لای لیژنەی مولیدەکانی پارێزگای هەولێر تۆمار بکات، بۆ ئەوەی بەپێی ڕێزبەندیی تۆمارکردن لە شوێنی ئەو مولیدانەی دایانبنێین، کە بە بڕیارەکە پابەند نابن.

هەروەها گوتی: لەدوای 1ی 5وە هەر خاوەن مۆلیدەیەک پابەند نەبێت، ئێمە ڕێکار و ئیجراتاتی یاسایی دەگرینە بەر و مۆلیدەکەی پێ دادەخەین و دەیدەینە کەسێکی دیکە. ڕوونیشی کردەوە، گۆڕینی مۆلیدەکان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر نرخی کارەبا نابێت و یەک دینار لەسەر هاونیشتمانییان حساب ناکرێت و ئێستا لە هەندێک گەڕەکی هەولێر دەست بە دانانی مۆلیدەی بێدەنگ کراوە، ئامارێی بەوەش دا، هەر کەسێک بیەوێت ناوی خۆی بۆ دانانی مۆلیدەی بێدەنگ تۆمار بکات، دەبێ سەردانی پارێزگای هەولێر بکات.

گرێبەستێکی دیکەی دامەزراندنی وێستگەیەکی کارەبا واژووکرا



دوێنێ بە ئامادەبوونی ئەندازیار کەمال محەمەد سالح وەزیری کارەبا و کۆمپانیای Best ڕێوڕەسمی واژووکردنی گرێبەستی پرۆژەی دامەزراندنی وێستگەی مۆبایلی دێری لە پارێزگای هەولێر کرا بە گوژمەی 1ملیار و 429 چوار سەد و بیست و نۆ ملیۆن 632شەش سەد و سی و دوو هەزار و 298 دووسەد و نەوەد و هەشت هەزارە و ماوەی تەواو بوونی پڕۆژەکەش 180 ڕۆژە دواتر کۆمپانیای Best سوپاسی وەزیری کارەبایان کرد بۆ ئەم پالپشتی و بایەخدانەی کە بە پڕۆژەکان دەدات و بەڵێنیان دا لە ماوەی دیاریکراودا پڕۆژەکە بە کوالێتی بەرز تەواو بکەن پێشکەشی وەزارەت بکەن.

خەبات- فاتیح: پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی دەستی پێکردووەو وەزارەتی تەندروستی هەرێمیش ئاشکرایکرد کە تاوەکو ئێستا لەکوردستان هیچ حاڵەتێکی ئەو نەخۆشیە تۆمار نەکراوە. بەپێی ڕاگەیاندراوێکی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی حکومەتی هەرێم پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە ئامێری پێشکەوتوو لە فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی دەستپێکردووە و بە پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و هەرکەسێک هەڵگری ئەو ڤایرۆسە بێت ئەوا ڕەوانەی ئەو شوێنە دەکرێتەوە کە لێوەی هاتووە. لەمبارەیەوە دکتۆر محەمەد قادر گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ڕوونیکردەوە: هەموو ڕێککارەکان بەپێی ستانداردی جیهانیەو بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرنفرانس و نوێنەری سەنتەری تۆێژینەوەی ڕاوێژکاریە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن د.وەلید بابان خوێندرایەوە تیایدا گرنگی کۆنفرانسەکەی لەچەند خاڵێکدا چڕکردەوە وەک گەڕان بەدوای چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی ئەو گرفتانەی لەدەرئەنجامی ئایدیای گرووپە تونددئاژووەکان دەرکەوتوون، هەروا ئاڕاستەکردنی تۆێژەران وشارەزایان بۆ گرنگیدان بەبابەت و کێشە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگە. هەروەها ئەو کۆنفرانسە پێنج تەوەر لەخۆدەگرێ و تۆێژەرانی زۆرێک لە وڵاتە عەرەبییەکان بەشداری تێدادەکەن و 85 تۆێژینەوە لە ماوەی دوو ڕۆژدا پێشکەش دەکرێ.

هاوبەش بۆ زانستە پەروەردەیی و دەروونی لەهۆڵی کۆچەر بیرکاری سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆ سازدرا. سەرەتا راگری کۆلیژی پەروەردە باسی لەگرنگی ئەو کۆنگرەیە کرد، کە بەهاوبەشی سەنتەری تۆێژینەوە و ڕاوێژکاری لەندن بەڕێوە دەچێ، ئەم کۆنگرەیە هەنگاوێک دەبێ بۆ دووبارە پیاچوونەوە بەپرۆگرامە پەروەردەیەکان تا بەرەو ئاستێکی بەرزتر هەنگاو بنێ، لەتەک ئەمەشدا ئەو خاڵانەشی خستە ڕوو کە پەیوەستن بە دەروونناسی. هاوکات وتاری بەڕێوەبەری بەچاودێری وەزیری خوێندنی باڵا و تۆێژینەوەی زانستی، بەئامادەبوونی پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین، ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمان و نوێنەرانی وەزارەتەکان و بەرپرسی حزبی، یەکەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتی

هەولێر... نەخۆشخانەیەکی دیکەی ڕاوێژکاریی تایبەت بە منداڵان دەکرێتەوە



لە ئاگادارینامەیەکدا، کە بەڕێوبەرایەتی گشتیی تەندروستی هەولێر بڵاویکردووەتەوە و وێنەیەکی بۆ کوردستان 24 نێردراوە هاتووە: بەشێکی دیکەی ڕاوێژکاری بۆ چارەسەری منداڵان لە دەرەوەی نەخۆشخانەی ڕاپەڕین، کە دەکەوێتە پشت نەخۆشخانەی لەدایکبوون بۆ چارەسەری منداڵانی نەخۆش بە 24کاتژمێری لە ڕێککەوتی 1ی شوبات/فێبرایەری 2020 دەکرێتەوە.
بە گوێرەی ئاگادارینامەکە، تەنیا بەیانیان بە ئیحالەی بنکە تەندروستییەکانی گەڕەکەکان نەخۆش دەبینرێت.

پرسە و سەرەخۆشی

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان
بۆکاک سوعاد حمەئەمین لە لقی 12
بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان (پەری خان)مان پێگەیشت.
بەم بۆنە خەمناکەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان و تەواو بنەماڵەو عەشیرەتی ئامەڵڵا دەکەین و لەخوای گەورە داواکاری خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبوریش بە ئێوەو بنەماڵەکەتان ببەخشێت و دوا ناخۆشیتان بێت.
انا لله وانا اليه راجعون
سەلام عەبدوڵڵا
سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات

پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان دەستپێکرد

پەتای ناسراو بە کۆرۆنای چینە و دەستیان کردووە بە پشکنین و ڕێککاری خێراش گیراوەتە بەر بۆ ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی وڵات دێنە کوردستان و لە فڕۆکەخانەکان و لە سنورەکان و پشکنین لەو شوێنانە ئەنجام دەدرێت و لێژنەیەکی پشکنینی چڕ دانراوەو لە دوێنێوە دەستکراوە بە پشکنین و تا ئێستا هیچ حاڵەتێک لە کوردستان تۆمار نەکراوە.

دهۆک... شەش تەنێن کەرەستێن دەمبسەرقەچوویێ هاتنە ژنافبرن

خەبات- دهوک: عسمەت سلمان وەیسی، بەرپرسێ پشکا چاڤدێری و سلامەتیا خۆراکی ل ڕێڤەبەریا کارۆبارێن خوە پاراستنا ساخلەمیا دهۆکێ دیارکر کو ئەڤ سالە دماوێ 15 ڕۆژاندا ژ ڤێ هەیڤێ ل سنۆری پاریزگەها دهۆکێ دەست بسەر شەش تەنێن کەرەستێن جۆرە و جۆر بێن ئێکسپایر هاتیە گرتن و هەموو ل دەڤەرا کواشی ب شێوەیەکێ زانستی هاتنە ژنافبرن وپێرابوون ژی دگەل وان جهە هاتینە وەرگرتن بێن کەرەستێن ئکسپاریر تێدا دهێنە دەستەسەرکرن و گوت: هەر دڤێ هەیڤێ دا 27 جهە هاتینە گرتن و سزادان و 19 هاتینەگرتن و سزادان ژبەر سەمونخانا ژی هاتینە سزادان ژبەر نەپێگرێ ب ڕێنمایێن ساخلەمیێ. بەرپرسێ پشکا چاڤدێری و سلامەتیا خۆراکێ ئاشکەرا کرکو جوانکاری و هۆلێن لەش جوانیێ و مارکێت و فرۆشگەهـ و خارنگەهـ و کارگەهێن چێکرنا خۆارنێ نەپێگرێ ب ڕێنمایان هندەک جهە هاتینە دایخستن بۆ دەمێ چەند ڕۆژان و هندەک ژی ب کوژمێن پاری هاتینە سزادان هەر جهەکێ کەرەستێن ئێکسپایر تێدا بهێنە گرتن ئەو جهە دهێتە سزادان.



عسمەت سلمان تەکەز کرکو 24 دەمژمێران تیمێن ساخلەمیێ ل خالا سنۆری ل ئیبراهیم خەلیل و فیشخابۆر هەتا ژی ل ئالوکا ژی دکاریدانە بۆ وێ یەکێ ڕێگریێ ل کەرەستێن نەباش و خراب بکەن ئەو کەرەستێن میژوویا وان ژی یا کێم بیت زوو ئیکسپایر بن ئەم ڕێگریێ لێ دکەین لێ پتریا کەرەستان دناڤ گرگەهـ و مارکێتان ئێکسپایر دبن ل هەموو قەزا وناحیا ژی تیمێن مە بۆ پاراستنا ساخلەمیا وەلاتیان کاردکەن وبەردەوام چاڤدێریا بازاری دهێتە کرن ژپێخەمەت بەرژوەندیا گشتی.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/1/30 ژمارە (5922)

بەهۆی زێدەڕۆییەکان 40%ی ئەو کارەبایەی بەرهەم دەهێندرێت بە فیڕۆ دەڕوات

پارێزگاری هەولێر: بڕیارماندا لە ڕێککەوتی 2-2-2020 دەست بە هەڵمەتی بڕینی زێدەڕۆییەکانی سەر کارەبا بکەین





ڕاپۆرت/ فاتیح بەرزنجی

کارەبا بە یەکێک لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی ژیان دەژمێردرێت و سامانێکی بەنرخەو نابێ زێدەڕۆیی لەسەر بکرێت و بەفیڕۆ بدرێت، ماوەی چەندین ساڵە وەزارەتی کارەبای هەرێم بە هاوکاری تیمەکانی بڕینی سەرپێچیەکانی سەرکارەبای پارێزگاکانی کوردستان هەموو هەوڵێکیانداوە بۆ بڕینی هەموو ئەو سەرپێچیانەی کە کراوەتەسەر کارەبا بەڵام هێشتا ماوەو بڕیارواپە لەدوای ڕۆژی 2/2 هەڵمەتێکی فروان بۆ بڕینی هەموو ئەو سەرپێچیانەی کە کراوەتە سەر تۆڕەکانی کارەبا دەست بە بڕینیان بکرێت لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر بە ئامادەبوونی هێمن قادر جێگری پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر و بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر و بەڕێوەبەری پۆلیسی کارەبای هەولێرو دەزگاکانی ڕاگەیاندن سازکرا.

لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕوونیکردەوە: لەدوانی پارێزگای هەولێر توانیمان کۆبوونەوەیەکی فراوان بە ئامادەبوونی قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێرو بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێروبەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێرو بەڕێوەبەری ئاسایش وبەڕێوەبەری کارەبای هەولێرو چەندین بەرپرسی دیکەی پەیوەندیدار ئەو کۆبوونەوەیە سازبکەین کە تایبەت بوو بەکێشەی کارەباو هەموو ئەو زێدەڕۆییانەی کەکراوەتە سەر کارەبا تەوەری سەرەکی ئەو کۆبوونەوەیەبوو لێرەوە سوپاسی هەموو ئەو هاوڵاتیانەی کرد کە لەماوەی دوومانگی ڕابردوو بەدوای بانگەوازی ئێمەوە هاتن وسەردانی فەرمانگەکانی کارەبایان کردو ئەوانە زێدەڕۆییانکردبووە سەرکارەبا خۆیان هەوڵیاندا ببنە هاوبەشێکی ڕاستەقینەی کارەباو ئەوانە ژمارەیان گەڵێ زۆربوو لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پێشتر یەکەی نیشتەجێ بوونیان بە سەرپێچی بووەو ئەوانیش ژمارەیان گەڵێ زۆربوو ڕوویان کردە فەرمانگەکانی کارەبا تا بێن بە هاوبەشی کارەبا بەشێوەیەکی سەرەکی و پڕۆسەکە ماوەی دوومانگ بەردەوام بوو کارەمەندانی کارەباش لەوماوەیەدا زۆر ماندوو بوون و کاریان ڕاپەڕاندنی مامەڵەی ئەو هاوڵاتیانە بوو کە بوون بە هاوبەشی کارەباوپڕۆسەکە تا ڕۆژی 1/2بەردەوامی هەیە بۆ بەستنی پێوەری کارەبا وئەو یەکە نیشتەجێ بوونانەی کە پێشترڕێگەیان پێ نەدەدراو سەرپێچی بوون لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارماندا لە ڕۆژی 2/2پڕۆسەی بڕینی کارەبای بە سەرپێچی لەهەموو شوێنەکان و لەشارو شارۆچکەکان دەست پێ بکەین بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەمان لە هەموو قەزاو ناحیەکان بەسەرپەرشتی قایمقامی ئەو قەزایەو بەئەندامیەتی پۆلیسی ئەو شوێنانەو پۆلیسی کارەباو فەرمانگەی کارەباو داواکاری گشتی سەرپەرشتی یاسایی دەکات بۆ گرتنەبەری ڕێککاری یاسایی بەرامبەر ئەو سەرپێچیانەی کە کراوەتە سەر کارەبا و لێرەوە بۆ جارێکی دیکە داوا لە هاوڵاتیانی هەموو قەزاو ناحیەکان و هەموو هوتێلەکان وکۆمپانیاکان و شوێنە بازرگانییەکان و ڕێست و ڕانتەکان دەکەین کە پابەند بە ڕاێکیشانی کارەبا بەشێوەی یاسایی و دەست بکەن بە بڕینی ئەو کارەبایەی کە ڕایانکێشاوە بە زووترین کات ببڕن، ئەگینا بە پێچەوانەوە خۆیان تووشی سزای یاسایی دەکەن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت و هەموو ئەو شوێنانە سزا دەدەین کە سەرپێچیان کردۆتە سەر کارەباو ڕێککاری یاسایی دەگرینەبەرو لەو پڕۆسەیەدا بۆ بڕینی سەرپێچیەکانی سەر تۆڕەکانی کارەبا پارێزبەندی بۆکەس ناکات ئەگەر بەرزترین پلەی هەبێت و لەهەموو شوێنە بازرگانیەکان دەست پێ دەکات و لە هەنگاوی یەکەمیشدا لەو شوێنانە دەستی پێدەکرێت کە دەست ڕۆیشتوون و لەگەڕەکە تایبەتمەندەکان و لەهیچ کەس نابووردرێت، ئەگەر هاتوو سەرپێچی کردبێتە سەر کارەبا، پێویستە ئەوانەی کە سەرپێچیان کردۆتە سەر کارەبا خۆیان هوشیارانە هەوڵی بڕینی سەرپێچیەکان بدەن، ئەگینا سزا دەدرێن و پڕۆسەکە بەردەوامی هەیە و هەڵمەتەکە هەموو کەسێک دەگرێتەوەو هیچ کەس لەو سەرپێچیانە نابووردرێت ئەو هەنگاوەی ئێمە لەبەر بەرژەوەندی گشتییەو بەبڕینی سەرپێچیەکانی سەر کارەبا کارەبای نیشتیمانی زیاد دەبێت و کارەباش بەیەکسانی بەهاوڵاتیان دەدرێت.

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر: پلانێکی نوێ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کارەبا پەیڕەو دەکرێ

دواتر ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر بۆ خەبات گوتی: بۆ هەر قەزایەک لیژنەیەکی هاوبەش لە پۆلیس و بەرپرسانی دیکە دروست دەکرێت لەگەل هەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی وەکو سەریەرشتیار لە لیژنەکەدا ئامادەدەبێت بۆ گرتنەبەری یاسایی بەرامبەر بەو کەسانەی کە سەرپێچیان لەسەر تۆڕەکانی کارەبا ئەنجامداوەو لەهیچ کەس نابووردرێت و هەموو ئەوانەی کە سەرپێچیان کردووە بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت دیارە لە 40%یی ئەو کارەبایەی کە بەرهەم دەهێنرێت بە فیڕۆ دەچێت، بەڵام بەبڕینی زێدەڕۆییەکان گرفتی کەمی کارەبا تا ڕادەیەکی باش چارەسەر دەکرێ شایانی باسە لەسەر ئاستی کوردستان ملیۆنێک و 570هەزار هاوبەشی کارەبا هەیەو ڕۆژانە وێستگەکانی کارەبا 3هەزارو 500 میگاوات تا 3هەزارو 800میگاوات بەرهەم دەهێنێت بەڵام بەهۆی زێدەڕۆیی سەر کارەبا لە40%ی کارەبا بەفیڕۆ دەڕوات و بەبڕینی هەموو سەرپێچیەکان نزیکەی 900میگاوات دەگەڕێتەوە و کاریگەری لەسەر زیادبوونی کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا بۆ هاوڵاتیان دەبێت و هەڵمەتەکەش لە ڕۆژی 2/2دەست پێ دەکات بەهاوکاری دەزگا ئەمنیەکان و پۆلیسی کارەباو ئاسایش و زێرەڤانی لیژنەکان لەهەموو شوێنە گشتیەکان و شوێنە بازرگانیەکان دەگەڕێن بۆ لابردنی زێدەڕۆییەکانی سەر کارەبا و تا ئێستا زیاترلە شەش هەزار هاوڵاتی ئەوانەی کە پێشتر بە سەرپێچی کارەبایان ڕاکێشاوە سەردانی فەرمانگەکانی کارەبایان کردووەو مامەڵەی بەستنی پێوەری کارەبایان کردووەو لەو هەڵمەتەدا بۆ بڕینی سەرپێچیەکان لە هیچ کەس نابووردرێت.



بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر: بە بڕینی زێدەڕۆییەکان گرفتی کەمی کارەبا تاڕادەیەک چارەسەر دەبێت

هاوڵاتیان:

ئەگەر هەموو سەرپێچیەکان بەیەکسانی ببڕن کاریگەری بۆ سەر زیادبوونی کارەبا دەبێت

ژمارەیەک هاوڵاتی سەبارەت بە هەڵمەتی بڕینی سەرپێچیەکان بۆ سەر کارەبا قسەیان بۆ کردین

مام مەولود لەگەڕەکی باداوا گوتی: دەستخۆشی لە حکوومەتی هەرێم دەکەین کە لیژنەیان بۆ بڕینی سەرپێچیەکانی سەر تۆڕەکانی سەر کارەبا پێکهێناوەو دوایان لێ دەکەم کە ئەو لیژنەیە لە کەس نەبوورن ئەوانەی کە بەسەرپێچی کارەبایان ڕاکێشاوە.

سدیق حەسەن لە هەمان گەڕەک گوتی: ئەگەر ئەو لیژنەیە بە ڕێکوپێکی بە بێ جیاکاری کار بکات دەستخۆشیان لێ دەکەم و بڕینی سەرپێچی سەر کارەبا کارێکی زۆر گرنگ و پێویستە، دەبێ لیژنەکە بەبەردەوامی کاری بڕینی سەر تۆڕەکانی کارەبا بکات و بەتوندیش سزای سەرپێچیکاران بدات تا بۆ جارێکی دیکە دووبارەی نەکاتەوە بێگومان هەموو هاوڵاتیان پشتگیری لەو بڕیارە دەکەن، لەبەر ئەوەی هەم کارەبای نیشتیمانی زیاد دەکات و هەمیش چیتر کەس ناتوانێ سەرپێچی بکاتە سەر تۆڕەکانی کارەبا.

دیاردەیەک پێویستی بە چارەسەرکردنە

خەبات: کارزان دزەیی

بوونی ژمارەیەکی زۆری سەگ لە نێو بازاڕ و گەڕەکەکانی شاردا بووەتە جێگەی هەڵوەستەکردن و تادێ و ژمارەیشیان زیاتر دەبێت، کە جیا لە مەترسییە تەندروستییەکان مەترسی بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیانیش دروستکردووە بەتایبەتیش مندالآن، بۆیە ئەرکی لایەنە پەیوەندیدارەکانە بە ڕەچاوکردنی مافەکانی ئاژەڵ، چارەسەرێکی گونجاویش بۆ ئەو دیاردەیە بدۆزنەوە.









لە 33یەمین ساڵیادی کۆچی دوایی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی دا

ئیدریس بارزانی ئەو سەرکردەیەی مێژوو لەیادی ناکات



خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

سەرکردەی نەمر ی ئیدریس مستەفا بارزانی ئەو سەرکردەیەی و سیاسەتوانێکی کارامە و سەرکردەیەکی ماندوونەناسی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و ئەندازیاری ئاشتی و تەبایی و خۆشەویستی خاک و نیشتمان و گەلە کەیە کە مێژوو شانازی پێ دەکات، شەهیدی هەمیشە لە یاد ئیدریس بارزانی پەروەردەی قوتابخانەی رێبازی باوکی نەتەوەیی کورد بارزانیی نەمر بوو... شەهیدی هەمیشە لە یاد ئیدریس ئەو سەرکردە قارەمانەی کوردستان بوو کە هەموو ژیانی خۆی بۆ ئازادی میللەتەکەی تەرخان کرد. تێکۆشەرێکی ناسراوی گەلی کوردستان بوو، ئەندازیاری ئاشتی و تەبایی بوو، رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە بەردەوامی و هەنگاوەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و هەردەم لەناو دڵی جەماوەری کوردستان بووئەمرۆو ئایندەش وەک سیمبوڵێکی نیو قوتابخانەی کوردایەتی بە سیفات و ئەدگارە بالآ وفمونەییەکانی رۆشنایی دەبەخشێتە هزرو روانینەکانی نەوەکانمان. کاکە ئیدریس کەسایەتی و سەرکردەیەک بوو کە هەرگیز مێژوو لە بیری ناکات و رۆڵە بە وەفاو دڵسۆزەکانی بە فەخرەوە یادی دەکەنەوەو رێز لە خەبات و تێکۆشانی دەگرن. لێرەدا لە **33**دەمین ساڵیادی کۆچی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی چەند دێرێک لە خەبات و تێکۆشانی لەگەڵ بیرەوەریەکانی کەسانی نزیکی ئەو سەرکردەی نەمرە بەخوێنەرانی رۆژنامەی خەبات ئاشنا دەکەین.

(ئیدریس مستەفا محەمەد عەبدولسەلام بارزانی) لە ساڵی **1944**لە گوندی (بارزان) کە مەڵبەندی خواپەرستی و کوردایەتی و بەرخودان لە دایک بووە، کوڕی رابەری مەزنی کورد مستەفا بارزانیی نەمرە ، لە نێو هەڵومەرجی شۆڕشی بارزان **1945-1943**و بارودۆخی ئاڵۆزی ئەو کات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهابادو رووداوەکانی دوای جوانەمەرگ کردنی ئەو کۆمارەو هەروەها سەروبەندی دامەزراندنی پارتی دێموکراتی کوردستان بە دەست پێشخەری و سەرکردایەتی بارزانیی نەمر، هاتۆتە دونیا. هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە تێکەڵ بەو بارودۆخە دەبێت و رەوتی ژیانی دەست پێ دەکات.سالی **1947**بارزانیی نەمر لە گەڵ **500**لە هەڤاڵانی، کە لە رێڕەوێکی مێژوویی دا توانیویانە داستانێکی گەورە لە مێژوودا تۆمار بکەن و خۆیان بگەیەننە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، کاک ئیدریس بارزانی ئەو کات تەمەنی **4**ساڵان دەبێت، لەگەڵ خانەوادەکانی بنەماڵەکەیاندا دووچاری مشەختی و دەربەدەریی دەکرێن و بەدەست بەسەری بۆ خواررووی ئێراق دوور دەخرێنەوە لە لایەن رژێمی ئەو کاتی ئێراقەوە، بۆ ماوەی **11**ساڵ تووشی ژیانێکی پڕ ئەستەم دەبن لە شارەکانی بەسرا و موسڵ و بەغدا، لەو ماوەیەدا کاک ئیدریس بارزانی لە وادەی خۆیدا دەخرێتە بەر خوێندن و لە گەڵ ئازارو زەحمەتییەکانی ژیانی ئاوارەییدا درێژە بە خوێندن دەدات، تا گەڕانەوە سەر بەرزانەکەی بارزانیی نەمر بۆ ئێراق و کوردستان لە پاش شۆڕشی **14**ی تەمموزی ساڵی **1958**ی ئێراق کە ئەو کات کاک ئیدریس بارزانی لە بەغداد خەریکی خوێندن دەبێت و دوای ئەو دابڕانە زۆرە بە دیداری بارزانیی باوک و رابەر شاد دەبێت و دواتر دەگەڕێنەوە تامێزی زێدی باو باپیران لە خاکی کوردستان.لە ساڵی **1961**کە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەرپا دەبێت بە رابەرایەتی بارزانیی نەمرو پارتی دێموکراتی کوردستان کاک ئیدریس بارزانیی وەکو پێشمەرگەیەکی ئەو شۆڕشە مەزنە دەچێتە ئامێزی سەنگەرەکانەوەو لێرەوە قۆناغی دووەم لە رەوتی ژیان و تێکۆشانی دەست پێ دەکات، کە هەر لە سەرەتاوە وەک کەسێکی دیار لە نێو شۆڕشی ئەیلوول دا بە دەردەکەوێ ?هەوێ لێتهاتوویی و ئەو توانادارییەی هەیبوو هەر زوو لە نێو شۆڕش و پارتی دا ئەرکێکی زۆری بۆ دێنن ئاراو ئەویش بۆیرانە دەچێتە پێش و ڕۆڵ و جێگەیەکی بەرچاوی دەبێت. بارزانیی نەمر وەک باوک و مامۆستا و سەرکردە گرنگی پێدەدا و هەوڵی پێگەیاندنی خەڵکی دەدات بۆ ئەوسا و ئایندەی شۆڕش و پارتی.لە مانگی یەکی **1961**فەرماندەی سەربازی رژێم لە میرگەسۆر داوای دیتنی کردووە ئەویش لە گەڵی دا دانیشتووە، لەو کارەدا نیازی خراپیان بەرامبەر کاک ئیدریس هەبووە و ویستویانە بیگرن، بەڵام بە ئازایی و هۆشی خۆی لە دەستیان رزگاری بووە.لە ساڵی **1964**بارزانیی نەمر بۆ ڕاپەڕاندن و هاوکاری کردنی لە ئیش و کاری پێشمەرگە و ئیدارەی عەسکەری لە ناوچەی بارزانەوە دەیباتە لای خۆی، کە ئەو سەردەمە بارزانیی نەمر لە ناوچەی رانیە و دەوروبەری بووە، و لەوێ لێپرسراویەتی ئیداری و پێشمەرگایەتی پێ دەسپێرێت.لە مانگی پێنجی **1966**راستەوخۆ سەرپەرشتی داستانی بە ناو بانگ و سەرکەوتووی چیای هندرێن دەکات، کە لە رووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ تانک و تۆپ و تەیارە و هێرشی سەربازی رژێمی ئەو کاتی ئێراقدا مقاومەت و سەرکەوتنێکی مەزن تۆمار دەکرێت بە سەرپەرشتی کاک ئیدریس بارزانی کە هەموو پێداویستییەکی مەعنەوی بۆئەو سەر کەوتنە دابین کردووەو لە سەنگەرەکانی مەیدانی داستانەکانەدا وەکو پێشمەرگە و وەکو سەرکردەیەکی پڕ توانا و وڕە بەخش دەوری سەرەکی گێڕاوە. لە **1/5/1967**دەکرێتە سەرۆکی دەستەی کارمەندانی بارەگای بارزانی نەمر.لە ساڵانی **1970 -1969**لە ڕووداوەکانی ئەو کات و پێشهاتەکاندا چ لە ناو شۆڕش و چ لە وتوێژ لە گەڵ رژێمدا ڕۆڵی یەکجار گرنگ دەگێڕی. لە بە دەست هێنانی رێکەوتننامەی مێژوویی کەی **11**ی ئادارى **1970**دا دەورێکی پێشەنگی دەبێت و بە عەقڵ و گیانێکی ژیرانەوە و دیبلۆماسییانەی کاریگەر هەڵسوکەوت دەکات. لە **11**ی ئادارى **1970**لە ئیدریس بارزانی کە هەموو پێداویستییەکی مەعنەوی بۆئەو سەر کەوتنە دابین کردووەو لە سەنگەرەکانی مەیدانی داستانەکانەدا وەکو پێشمەرگە و وەکو سەرکردەیەکی پڕ توانا و وڕە بەخش دەوری سەرەکی گێڕاوە. لە **1/5/1967**دەکرێتە سەرۆکی دەستەی کارمەندانی بارەگای بارزانی نەمر.لە ساڵانی **1970 -1969**لە ڕووداوەکانی ئەو کات و پێشهاتەکاندا چ لە ناو شۆڕش و چ لە وتوێژ لە گەڵ رژێمدا ڕۆڵی یەکجار گرنگ دەگێڕی. لە بە دەست هێنانی رێکەوتننامەی مێژوویی کەی **11**ی ئادارى **1970**دا دەورێکی پێشەنگی دەبێت و بە عەقڵ و گیانێکی ژیرانەوە و دیبلۆماسییانەی کاریگەر هەڵسوکەوت دەکات. لە **11**ی ئادارى **1970**لە پاشگەز بوو بووەوە، تا هەوڵ بدرێ چارەسەرێکی گونجاو بدۆزرێتەوەو شەڕ لە نێوان شۆڕش و حکومەتدا بەرپا نەبێتەوە.بەڵام بە هۆی ئەو پێداوێستیلەیمی و نێو دەوڵەتییەی لە ئارادا بووە وتووێژەکان بە ئەنجامی باش نەگەیشتووە و شەڕ لە سالی **1974**دەست پێ دەکاتەوە، دواتر لە نێوان حکومەتەکانی ئێران و ئێراقدا لە جەزائیر رێکەوتنامەیەک سەبارەت بە لە باربردنی شۆڕشی ئەیلوول مۆر دەکەن و لە سالی **1975**بۆ ماوەیەکی کورت شۆڕشی چەکداری دەوەستێ .لە بەرامبەر ئەو واقیعەی تاڵەدا وەکو سەرکردەیەکی بە ئەزموون بە رێنمایی بارزانیی نەمر سەرەرای هەڕەشە ئیقلیمی و نێو دەوڵەتییەکان و گرفتە ناو سالانی **1976-1979**وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو سەرکردایەتییە کاتی یە لە بە هێزکردنی ریزەکانی پارتی و شۆڕش و بە تایبەتی کاروبارە سەربازی و دیبلۆماسییەکان لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دەورێکی مێژوویی دەگێڕێت.لە کۆنگرەی **9**ی پارتی دێموکراتی کوردستان کە لە سالی **1979** بەستراوە، بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و پاشان بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێردرێ ?دواتر دەبێتە سەرپەرشتکاری مەکتەبی عەسکەری و پاشان لێپرسراویەتی بەشی پەیوەندی گشتی لە ئەستۆ دەگرێت.لە مانگی **2**ی **1979**بە سەرۆکایەتی وەفدی پارتی، سەردانی ئیمام خومەینی دەکات لە پاش روخانی حکومەتی شای ئێران و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، دەتوانێ پەیوەندییەکی دیبلۆماسی سەرکەوتووانە لە گەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو شۆڕشەدا ڕێک بخات. هەر لەو ساڵانەدا بۆ کاری دیبلۆماسی سەردانی سوریا و لیبیا و سەرکردەکانی فەلەستین و چەند وڵاتێکی ئەوروپی دەکات.لە ئاداری **1979**پاش بە خاک سپاردنی تەرمی بارزانیی نەمر لە ڕۆژهەلاتی کوردستان وتارێک لە بەردەم **300**هەزار هاوڵاتی کورد پێشکەش دەکات بۆ بەشداری کردن لە ناشتنی تەرمی بارزانیی نەمر ئاماده ببوون.لە **28/11/1980**هۆکارو سەرکردەیەکی دیار دەبێت لە دامەزراندنی بەرەی جود: پارتی، شیوعی، پاسۆک، سۆشیالیست، کە ئێراقی بەرەیەکی دیکەیان پێک هێناوە بە ناوی شۆڕشی ئێراقی ئەو بە دەستەوتە لە واقیعدا کاری بەرەیی دەوڵەمەندتر کردووە لە ئاستی ئێراقدا. لێرەوە وەک هەمیشە ئیدریس بارزانی ڕۆژ بە ڕۆژ بە گوڕ و تینتر خەریکی خزمەت و بەرژەوندییەکانی ڕەوتی شۆڕش و خەباتی پارتی دێموکراتی کوردستان دەبێت. هەرچی زیاتر هەوڵ و کۆشش دەکات تا سەرکەوتنی شۆڕش و پارتی و یەکڕیزی هێزە سیاسی و شۆڕشگێڕە کوردستانییەکان و هاوپەیمانی لایەنە ئێراقییەکان و هاوسۆزی لایەنە دەرکییەکان پتەو و بەتینتر بکات..لە ساڵی **1985**لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی نەتەوەیی هێزە شۆڕشگێڕەکانی عەرەبدا بەشدار دەبێت کە لە لیبیا بەستراوە.لە **17/11/1986**کۆبوونەوەیەک لە گەڵ جەلال تاڵەبانی دا ئەنجام دەدەن بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان پارتی و یەکێتی و دروست کردنی هاوکاری پێویست لە نێوانیاندا.لە **24/12/1986**لە کۆنگرەی پشتەوانی گەلی بوونە، کاک ئیدریس بارزانی وەک چیایەک هەمیشە پشتی سەرۆک مەسعود بارزانی بووە و هیچ شت و کەسێ نەیتوانیوە کار لە برایەتی نێوانیان بکات . دوای پیلانە شۆمەکەی جەزائیرو سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی **26**ی گوڵانی نیشتمانی پێشکەوتنخواز کە ناحەزانی نەتەوەی کورد هەوڵیان داوە بە بەردەوامی پێکۆڵی بکەن و جارێکی دیکە شۆڕشی کوردی سەرهەڵنەداتەوە، هەردووکیان وەکو سەرکردەی کورد سەماندیان کورد نامێرێت و شۆڕش بەردەوامە و سەرکەوتن نزیکە. لەو سەردەمەی بڕوا بە سەرکەوتن لە بار چووبوو رژێمی سەدامی خۆینمژ ڕۆژ بە ڕۆژ بە هێزتر دەبوو، لە بەرامبەردا کاک ئیدریس بارزانی و سەرۆک مەسعود بارزانی هەوڵی کۆکردنەوە و یەکخستنی هێزی کوردییان دەدا و مێژوی نوێی کوردیان لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بە سەرکەوتن تۆمار کرد و دوژمنی کورد و مافەکانی مرۆڤ تووشی شکەستی یەک لە دوای یەک دەهاتن.

ئیدریس بارزانی لە گەڵ پێشمەرگە و جەماوەردا

کاک ئیدریسی هەمیشە لە یاد وەکو سیاسەتوانێکی بلیمەت بیری لە سەنگی کاریگەری جەماوەرێتی کردۆتەوە و باش درکی بە کاردانەوەکانی بوون یا خود نەبوونی ئەم لایەنە گرنگە کردووە. ئەو لە ناو هەموو چین و توێژۆ کەرتەکانی کۆمەڵدا تەئسیری سەرنج راکێش و پەیوەندی گەرم و گوڕی سازداوە. لەگەڵ ئێش و ئازاری خەڵکی بوو، پەناگەی هەژاران و لێقەومان بوو، ڕۆژانە خەڵکی دەبینی و لە هەموو چین و توێژەکان سەردانیان دەکردن و یارمەتی مەعنەوی و مادی دەدان، هانی قوتابیان و لاوانی دەدا دوای تەواوکردنی خوێندن بڕۆنە دەرەوە بخوێنن و بگەڕێنەوە خزمەتی وڵاتەکەیان بکەن و زۆر لاوی کورد ڕەوانەی دەرەوە کرد، کە گەڕانەوە مرۆڤی لێهاتوویان لێ دەرچوو، هەروەها داوای دەکرد کە ژێرخانی ئابووری وڵات لە دوای ئازادی بە هێز بکەن، وڵاتی ئێمە لە لایەنی ئابوری داگیرکەر وێرانی کردوە پێویستی بە ئێوە هەیە. ئەو شۆنەنەی جەماوەری لێبوایە مەیدانی خەباتی کاک ئیدریس بارزانی بوو ، داخوازی ڕۆژانەیانی ئەوەی لە توانادابوایە جێبەجێ دەکردو دەچوو ناو جەماوەرو جەماوەر دەهاتە لای و ئەرکی بە جەماوەر دەسپاردو مرۆڤ لە مەجلیسی کاک ئیدریس بارزانی تێر نەدەبوو، پێشمەرگەیەک دەگێڕێتەوە، هەندێ جار مرۆڤ لە سەرکارێک زۆر تووڕە دەبوو، کە دەچووی لای کاک ئیدریس بە شێوەیەک لە گەڵ مرۆڤ دەدوا، مرۆڤ کاری خۆی لە بیر دەچوو، کاتێ مرۆڤ لای ئەو دەردەچوو بە خۆشحاڵی دەردەچوو، پاشان مرۆڤ دەیزانی کاری خۆی لە بیر کردووە. ئیدریس بارزانی هەمیشە هاوەردەو خەمخۆری خێزان و منداڵانی شەهیدان بووە بە رادەیەک کە کەسوکاری شەهیدان زۆر سەبوورییان پێ هاتووە، چونکە هەوڵیداوە گیروگرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکات و بە چاوی باوکێکی دڵسۆز سەیری منداڵانی شەهیدان کردووە و هەرکات و لە هەر بۆنەیەکدا بەسەریکردوونەتەوە، هەوڵی داوە لە نزیکەوە لە کێشەی جەماوەر بکۆڵێتەوەو زۆر تێکەڵیی دەکردن. هەردەم دووپاتی کردۆتەوە کە دەبێت مرۆڤ پیاوی عەمەل بێت نەک قسە. ئیدریس بارزانی بە سەر بەرزیەوە خۆی لە ناو شۆڕشگێڕو پێشمەرگەدا جیا نەکردۆتەوەو بە سادەیی ژیاوە و هەر شەوە لە بن ئەشکەوت و بن بەردێک بە بێ جیاوازی هەڵیکردووە. هەربۆیەشە بە تایبەتی پێشمەرگە زۆر خۆشیان ویستووە و گوێرایەڵی بوونە و فەرمانەکانیان جێبەجێ کردووە. هەر بەرەیەکی شەڕیش کاک ئیدریس بارزانی فەرمانەدیی بکردبایە بێگومان سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا ، چونکە شەڕوان و پارتیزانێکی زۆر شارەزا بوو وەکو دیوارێکی پۆڵایین لە پشتی پێشمەرگە ڕاوەستا بوو. ئیدریس بارزانی کارەکانی بە بەرنامە بوون، لە نەبوون هەبوون و لە بێ ئومێدی ئومێدی دروست دەکرد، هیچ کاتێک لە مەیدانی خەبات ماندوونەدەبوو. کاک ئیدریس بارزانی لە مەیدانی خەبات زۆر لە دۆست و هەڤاڵانی خۆی دەناسی و پەیوەندی و هەڤاڵبەندی بەدیدەهات، زۆرن لەوانەی کە دەڵێن لە زۆزک و هندرێن ناسیاویان لە گەڵ کاک ئیدریس بارزانی پەیدا کرد، یانی هەر لەوێ پرسیار بۆ مرۆڤ دروست دەبێ کاک ئیدریس لەوێ کوردایەتی دەکردو وەکو پێشمەرگەی مەیدان بوو ڕێنمایی و سەرکردایەتی دەکردن. بە چەشنێکی دڵسۆزانە کارەکانی

بەرهەم دار بوون بۆ شۆڕش و هاندانی خەڵک بۆ ناو مەیدانی خەبات.

کاک ئیدریس و ژیانی پارتایەتی

کاک ئیدریس بارزانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بووە، لە کاری حیزبایەتی بە دیسپلین بووە، بۆیە پێشتوانی لە کادیرو پێگەیاندنی کادیر دەکرد و دەیزانی قورسایی کاری پارتی زیاتر لە سەر ملی کادیرە بۆیە خۆی لە کادیر نزیک دەکردەوە و هاوڕێیەتی لە گەڵدا دەکردن و لە کاردا گەرمی دەکردن و لە زۆر کۆڕو کۆبوونەوە و کۆنفراس بەشداری کردوە و دەیفەرموو: حیزب بۆ ئێمە ئامانج نییە، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئەو بە جوانی لە کاری سیاسەت خۆی پێگەیاند بوو، کاک ئیدریس بارزانی باش لە حیزبایەتی تێگەیشتبوو دەیزانی حیزب دەبێتە ناوەندی دروستکردنی بڕیار وەرگرتنی بڕیار و کارکردن بەو بڕیارە، کارەکان و هەڵوێستەکان دروستکەری کادر بوون بە ناوەڕۆکێکی نەک تەنیا بە ناو، لە کۆنفراسێکی لقی 8ی پارتی لە کەرەج فەرمووی: ئێوە هەوڵی زۆری ئەندامان نەدەن، هەوڵی پەروەردە کردن بدەن کە ببنە باشترین خەباتکاری گەل و وڵات و پشوودرێژانە کار و بەرنامەی حیزباتی پێڕەو بکرێت. کاک ئیدرس بارزانی دەیزانی سەرکەوتن مسۆگەرە و پارتەکەی کە بە پارتی بارزانیش ناو دەبرێت کەلەپوریکی لەبن نەهاتووە.کاکە ئیدریس پیاوی تەنگانە و ئەرکە قورسەکان و پێشخستنی بواڕەکانی پارتایەتی بووە، هەمیشە لە ناو پارتی دا ڕەمزی یەکگرتن و پەروەردە و نمونەی چاوەڵێکەری خەڵک بووە، کاک ئیدریس بارزانی زۆر ژیانی پارتایەتیی خۆش دەویست و دەیفەرموو: هیچ میللەتێک بێ ڕێکخستنێکی بە هێز سەر ناکەوێت. هەروەها هاندەری کاری پارتایەتی بوو، دەیگوت: لە ناو ریزی پێشمەرگە ڕێکخراوی پارتایەتی دامەزرێنن و من پارتی بە حیزبی مەلا مستەفا دەزانم و کوڕی مەلامستەفام هەر کوردێک کوڕی مەلا مستەفایە و هەمیشە هەوڵ دەدەم لە پێناو بە هێزکردنی ئەم پارتە. کاک ئیدریس بارزانی دەیگوت: بارزانیی نەمر فێری کردین کە هەمیشە خۆمان بە خزمەتکاری گەل بزانین و بە هیچ سەرکەوتنێک لە خۆبایی نەبین. هەر بۆیەش ئەوەمان بەلاوە گرنگ نییە کە ڕۆڵی ئێمە چ ناوێکی لێ دەنرێت، بەڵکو ئەوەمان بەسە کە بتوانین ئەمانەتی گەلی کوردو بەرگری لە مافەکانی تا دواهەناسە و دواتینی هێزو توانامان هەڵبگرین. بۆیە کاک ئیدریس بارزانی لە ناو پارتی و دەرەوەی پارتیش دژی ستەم بووەو لە گەڵ دادوەری بووە، نابێ مافی ئەندامی پارتی کە خۆی ماندو کردووەو قوربانیی داوە بێتە خواردن و لە ژیانی خۆیشی سەرەڕای نەبوونی ئیمکانیات ماندووبوونی کادر و ئەندامانی پارتی لە پێش چاو بووە.

کاک ئیدریس بارزانی ڕۆشنبیرێکی بە کردەوە

کاک ئیدریس بۆ خۆی هەردەم لە گەڵ خوێندەوە و نووسیندا هاوڕێ بوونەو لە داڕشتن دا توانای زۆری هەبووە. بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی خوێندوویەتیەوە و نووسیویەتی، لە نووسین دا کارامە بووە و خەتێکی خۆش و داڕشتنی نایابی هەبووە و بایەخی بە بواڕەکانی نەتەوایەتی و ئایین و ئەدەب و میژوو داوە، زۆربەی شیعرەکانی ئەحمەد خانی و مەلای جەزیری و وەفایی لە بەر بوونە. کاک نێچیرڤان ئیدریس بارزانی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ :شەوانە تا دەرنگ دەیخوێندەوە، دەینووسی... هەردەم کتێبی پێ بوو متووی کتێب خوێندنەوە بوو... تەنانەت لە ناو ئۆتۆمبێلیشدا دەیخوێندەوە... وەک لە بیرم بێ دوا کتێب یادی مەردان بوو کە دەیخوێندەوە... وێڕای ماندووبون و ئەرکی قورسی خەبات خوالێخۆشبوو لایەنی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نێمەشی فەرامۆش نەدەکرد... لە سالانی هەشتادا ئێمەی خستە بەردەست شەهید فەتاح ئاغا و پێی گوت: دەرسیان بدەو فێریان بکە کە چۆن کتێب بخوێننەوەو چ بخوێننەوە، تۆ میژووی کورد و کوردستان و بزوتنەوەی کوردیان پێ بڵێ ?مەبەستیش فێری خوێندنەوەی کتێبی ئایینییان دەکەم... بۆ ئێمە بە کێ و کوڕەوە یەکەمین و هێژاترین مامۆستا بوو... من هەمیشە لە گەڵیدا بووم، بەر لەوەی مالئاوایی بکا بە هەق وەکو دوو دۆستمان لێ هاتبوو، شەوانە بەیەکەوە کتێبمان دەخوێندەوەو گفتوگۆمان دەکرد.

ئیدریس بارزانی پیاوی ڕۆژانی سەخت بوو

کاک ئیدریس لە نێو سەختیەکان بوو، لە بەرامبەر گرفتەکان چیایەکی خۆڕاگر بوو، بە هەزاران کەس ڕویان لە مالّ و بارەگای کاک ئیدریس بارزانی دەکرد بۆ چارەسەری کێشەکانیان و هەمیشە لە کاتی دابەشکردنی کاردا دەیگوت کام کار لە هەموو زەحمەتترە بۆ من بە جێی بێڵن. لە ڕۆژانی تەنگانەش، شانی خۆی لە ژێر باری مسئولیەت خاڵی نەدەکرد، بۆیە ئەوانەی لە نزیکەوە ئەم مرۆڤە مەزنەیان دیبێ ?هەموو ژیانی کاک ئیدریس وانەو پەند بووە بۆیان لە هەموو بوارەکاندا، پێشڕەو بووە لە خەباتی بێ وچان بەرەو ئازادی بۆ خاک و وڵات، ئیدریس بارزانی هەموو وانە خۆڕاگریەکانی لە قوتابخانەی بارزانیی نەمر فێر ببوو، دووربین و خاوەن وردەیەکی بەرزی شۆڕشگێڕانە بوو، وردی خەڵکیشی بەرز دەکرد. کاک ئیدریسی سەرکردە یەکێک لە لایەنە لە پێشەکانی تێکۆشانی یەکگرتنی نیشتمانی و تەبایی نێوان حزب و لایەنەکانە کوردستانی و ئێراقییەکان بوو، لەو پێناوەدا هەمیشە لە هەوڵ و کۆششدا بووە، بە ڕادەیەک کە بووتە ڕەمزێک لە مەسەلەی یەکگرتوویی و هاوپەیمانێتی و برایەتی و تەبایی دا. ئەو باوەڕە بەرزانەی زۆر دەسکەوتی گرنگی لێتوە بەرهەم هاتووە نمونەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە سالی ?1986کاک ئیدریسی سەرکردە بناغەدانەری ئەو دەسکەوتە میژوویییە دەژمێردرێت و زۆر کەس و لایەن و سەرچاوە جەخت لە سەر ئەوە دەکەن کە ئەو ئەندازیار و نەخشەکێشی دروست بوونی بەرەی کوردستانییە، کە بە دەسکەوتێکی میژوویی و بەرهەمدار و بە یەکێک لە هۆکارەکانی ڕاپەڕینی سالی 1991و ئەم دەرئەنجامە میژوویییەی لێی کەوتەوە، دادەنرێت. بەراستی کاک ئیدریس ئەقڵی بەڕێوەبردنی شۆڕش و کوردایەتی بوو، پشت و پەنای بارزانیی نەمرو سەرۆک مسعود بارزانی بوو، سەرۆک مسعود بارزانی لە کاتی کۆچی دوایی کاک ئیدریس فەرمووی : ئیدریس پشت و پەنای من بوو، یانی ئەقڵێک بوو لەگەڵ قۆناغەکانی شۆڕش، پلانی دادەڕشت و ڕێگەنیشاندەرو مامۆستا بوو، لە کارەکانی هەرگیز بێ ئومێدی بااڵی بە سەر کاک ئیدریس نەدەکێشا، بۆیە دەتوانین بڵێین بە تەنیایی حیزبێک و میللەتێک و ئەقڵێکی گەورە و دیدێکی دوور بین هەموو دووربینەکانی دەبینی.43ساڵی تەواوی تەمەنی هەر زەحمەت و ناخۆشی و ئاوارەیی و تەقاڵای ئیرادەتمەندانە و مەڵێ بووە لەگەڵ بارودۆخەکانی ڕۆژگاردا و هەر لە بەرگری و نەسرەوتن دا



گەورەیە، دەتوانم بڵێم کاک ئیدریس وێنەیەکی پاک و بێگەردی بارزانی بوو، هەموو سیفاتی بارزانی لەئەو دا کوبوونەوە، وە ئەگەر ئەجەل مۆڵەتی دابا: بێگومان بوشایی(بارزانی) بە زیادەوە پڕی دەکردەوە و دەتوانم بڵێم: کاک ئیدریس مەزلوم بوو، چونکە زۆر جار حەقیقەتی ئەو ڕووت نەدەبوو بۆ خەڵک، کاک ئیدریس جەریئو سەریح بوو، مواقیعی هەبوو، ڕەئیەکانی بە سراحەت ئەیدا، بۆیە زۆر جار بە هەڵە لێی تێدەگەیشتن بەڵام بۆ میژوو دەڵێم: ئەو هەوڵەی کاک ئیدریس دای بۆ نەهێشتنی شەڕی برا کوژی، بەڵاپەڕەیەکی زێرین تۆمار دەکرێ. ئیدریس بارزانی یەکێکە لەو سەرکردە مەزنانەی کورد کە هەردەم لە ئاسمانی کوردستان دا بە گەشاوەیی دەمێنێتەوە و زۆر لە شاعیرەکانی کوردستان بە شیعر و هۆنراوەکانی کەسایەتی ئیدریس بارزانی بەرجەستە دەکەن.. مامۆستا هێدی شاعیر دەڵێ: ئیدریس دەریای دڵ بە پەرۆش وەرە ڕاز هەڵگری خامۆش وەرە گەنجی زانست بە پیر گەنجینەی پڕ لە هەست و بیر ئیدریس پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ قەدەم ئاسنی قەڵەم زێڕ

شاعیری کورد هەژار مۆکریانی لە هۆنراوەیەکی خۆی دا بەم شێوەیە باسی کاک ئیدریس بارزانی دەکات:

نیشتمانیەکانی عێراق بە بێ جیاوازی و پشتگوی خستنی هەندێ لەو هێزانەی بەڕاستی نەدەزانین و ئەم ڕاستییەش نەدەشاردەوە و ڕایدەگەیاند و دەیگوت: دەبێ ڕێگە خۆش بکرێ بۆ هاوبەشی تەواوی هێزو حزبە نیشتمانیەکان.

سەرۆک (بارزانی) لە نزیەمین سالگەردی بارزانیی نەمر و یەکەمین سالگەردی(ئیدریس بارزانی) بۆ ئامادەبوانی گووت: هەندێک کەس تەنها بۆخۆیان دەژین وە هەندێ کەسیش بۆ میللەتەکەیان دەژین، ئەو ژیانە ژیانەکە لە پێناو گەل و نیشتمان سەرف بکرێ، بارزانیی نەمر و ئیدریسی نەمر بۆ خۆیان نەژیان، بەڵکو بۆ گەل و نیشتمانەکەیان ژیان، بەچەند کەلیمەیەک بتوانم باسی خەباتی (بارزانی و کاک ئیدریس) بکەم، یان وەسفیان بکەم وە ئێمڕۆ نەک بە سیفەتی ئەوەی کوڕی بارزانی یا برا بچووکی کاک ئیدریس من باسیان ئەکەم، بەڵکو وەک کوردێک، وەکو پێشمەرگەیەکی کوردستان کە لە ژێر قیادەیان خەباتمان کردووە، بە جورئەتەوە دەتوانم بڵێم:کە بارزانی و کاک ئیدریس بۆ هەموو کورد ،بۆ هەموو مەزڵومیک پەنا بوون، وە بۆ ئەوان دەژیان. بارزانی دژی ڕەگەزپەرستی بوو، دژی زۆری و زۆرداری بوو ئیمانێکی قوڵی هەبوو بە برایەتی کورد، وە گەلانی دراوسێی، زمانی خەڵکی چەوساوەی کوردستانی زۆر چاک دانوستان پاریزەری سەرسەخت وداکۆکیکارێکی کارامەبوو وبەوپەڕی هێز وتوانا لەوەی دەکرا دریغیی نەدەکرد. کاتێک کەشاندی کوردستان بۆ وەرگرتنی مافی گەل دەچوونەبەغدا هەردوو بەڕێز جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و خوالێخۆشبوو سەرکردەی لێهاتوو و هەمیشەلەیاد ئیدریس بارزانی دوو کەسایەتی بوونەکەتوانیویانەبینەباشترین و بەهێزترین پالپشت بۆ سەرۆک و باوکی نەتەوەیی بارزانی نەمر و سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی ئەوکاتی پارتیمان، ئەونددەبەهێز و بەباوەڕ و دڵسۆز و نیشتیمانپەروەر بوون کەدوژمن و نەیارەکانی گەلی کورد هەستیان بەمەترسیی بوونیان و ئامادەگییان دەکرد و کەوتنەدارشتنی پیلان بۆ تیرۆرکردنیان، بەڵام خۆشبەختانەهیچکات و هیچ یەکێک لەو پیلانەگڵاوانەنەگەیشتوون بەئەنجام و سەریان نەگرتووە.


لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول وئاوارەبوونمان بۆ ئێران ، سەرکردەی مەزن ئیدریسی هەمیشەلەیاد، ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوی بینی لەخزمەتکردن و ئیدارەدانی پەنابەران، بەتایبەتیش کەڕژێمی ساواک وشاهنشاهی بەپلانێکی داڕێژراو کوری لەباوک جیا دەکردەوەو بەسەر شار و شارۆچکەکانی ئێران دابەشیان دەکردن. ئەمەش بەجۆرێک کەدووری نیوانیان زیاتر لە 20کاتژمێر بوو.

بەڵام بەدڵسۆزی و خەمخۆریی ئەم شەهیدی سەرکردەی جوانەمەرگەو بەهەوڵ و ماندووبوونی لەگەڵ ڕژێمی شاهنشاهیی پەهلەوی و دواتر کۆماری ئیسلامی ئێران هەروەها لە بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی هاتووە هەوااڵی کۆچی دوایی تێکۆشەری پایەبەرزی ناسراوی کوردستان و ناوچە و جیهان، خەباتگێڕێی مەزنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، نیشتمانپەروەرێکی بەرزی عێراقی کە هەمیشە مەسەلەی کورد و ڕزگاربوون و یەکبوونی هەموو گەلی عێراق بەیەک چاو تەماشا دەکرد، ڕادەگەیێنێ، زۆر بەداخەوە لە ساعەت 6ی ئێوارەی 31 کانوونی دووەمی 1987دا هەڤاڵی گەورە و تێکۆشەرمان ئیدریس بارزانی ،ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیمان لە ناکامی جەڵتەیەکی نا ئاسایی زۆر بەتینی کتوپڕ، لە کاتێکدا لە بارەگای پارتیمان خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەنجامدانی ئەرکە نیشتیمانی یە پیرۆزەکانی، لە تەمەنی 43ساڵی دا کۆچی دوایی کرد. شەهید بوونی کتوپڕی ئیدریس بارزانی لەم وەختە ناسکەدا کەلێنێکی یەکجار گەورەی بە جێهێشت. هەر بوبە لە منالی یەوە ئاوێتەی دەردو مەینەت و خۆشی و ناخۆشیەکانی میللەتی خۆی ببوو، بۆیەش بارزانیی نەمر لە هەرەتی لاویەتی یەوە مەسئولیەتی قورسی دەخستە سەر شانی و ئەوەیش بە لیهاتووی ئەنجامی دەدا، بۆیە لەگەڵ گەشەسەندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئەوەیش گەشەی ئەسەند وشارەزایی پەیدا کرد تا خۆی بە خۆی بوو بە کولەگەیەکی ڕێبەرایەتی پارتی و شۆڕش، پاش کارەساتی 1975 سەرەڕای فشاری و هەڕەشەی دام دەزگاکانی ڕژێمی شاە. شەهیدی نەمر ئیدریس بارزانی لە پشتگیری و چەسپاندنی(قیادەی موقەت) و بەتایبەتی هێزەکانی پێشمەرگەی سەرەتا شۆڕشی 26ی گوڵانی 1976.پاش کۆنگرەی نویەمی 1979هەوڵی دا پارتیمان جێگەی خۆی بگرێتەوە و پەیوەندی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازەکانی ناوچە و جیهان پتەو بکات وەکو لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی، بەتایبەتی شۆڕشی فەلستین، هەروەها لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران 1979. بەم شێوەیە دەیویست لەسەر ئاسی ئیحترام لینانی بەرامبەر دوست و لایەنگرانی بزوتنەوەکەمان لە دونیادا زیاد بکات. ئیدریس بارزانی لایەنگرانی یەکگرتنی نەتەوەی کورد بوو، ئەوەیش بە شێوەی تایبەتی خۆی، دەماندی چۆن هەوڵی دەدا دڵی هەر تێکۆشەرێکی کورد ڕاگری تا لە خەبات نەپچڕی، هەوڵی دەدا پشتی هەر کوردێکی لیقەوماو بگری بەڕاستی نەشەریکی خەمی هەر کوردێک بوو بە تەنیا ب بوو بە تەنیا بەڵکو هی هەر مرۆڤێکی عێراق بوو لە هەر نەتەوە و ئایین و بیرو باوەڕێک کاری پێ ی ببا هەوڵی دەدا بۆی چارسەربکات. خۆی بە شەرێکی موشکیلەی هەموو کەسێک دەزانی، حەسانەوە نەبوو، وەختی ئیستراحەتی خۆشی بۆ کار تەرخان دەکرد. بڵێسەت بوو لە چست و چالاکی و خۆماندی کردن و چۆن بە شوێن و کاروباردا، لێ ی ویستراین و یان نەیویستراین، لەبەر ئەم لایەنە گرنگە ژیانی خۆی لە خۆی دا ببووە هێزێکی کاریگەر بۆکۆکردنەوەی جەماوەری کوردستان لە دەوری ئالای پارتی و شۆڕشی 26ی گوڵان.لە هەمانکات دا گرنگی بە یەکگرتنی گشت هێزە بەرهەڵەستکارەکان دەدا و هەوڵی دەدا کە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد جیا نەکرێتەوە لە بزوتنەوەی نیشتمانی عێراقی و ناوچە و جیهان. لە کۆنگرەی پیشتیوانی لە گەلی عێراق دا چ لە وشەکەی یان لە چاوپێکەوتنەکانی دا، سەرەڕای دیفاع لە مەسەلەی کورد و مافەکانی گەلی کورد لە عێراق دا، داکۆکی دەکرد سەر ئازادی کاری هەموو هێزو حزبە

33یەمین ساڵیادی کاک ئیدریس بارزانی هەمیشە لەیاد
ئیدریس بارزانی پێشمەرگەیەکی جەنگاوەر و دیپلۆماتکارێکی چالاک بوو

عیماد تەها

شەهیدی سەرکردەئیدریس بارزانی لەشۆڕشی ئەیلوول کەسایەتییەکی بەهێز و بەتوانا و ڕۆشنبیر و دیبلوماسی بوو ، و لەژێر ڕێنمایی و باوکی مەزن مستەفا بارزانی زۆر بەلێهاتوویی ئەرک و کارەکانی بەشێوەیەکی زانستیانەو سەردەمیانەی ئەوسا لەگەڵ نەیارەکانی گەلی کوردستان و ڕژێمەکانی بەغدا ئەنجام دەدا ، و هەمیشەجێگای متمانەی بارزانی نەمر و سەرکردایەتی پارتیمان بوو. لەکاتی گفتوگۆ کەدەبوو بەسەرۆکی شاند و یاخود ئەندام لەناو شاندی دانوستان پاریزەری سەرسەخت وداکۆکیکارێکی کارامەبوو وبەوپەڕی هێز وتوانا لەوەی دەکرا دریغیی نەدەکرد. کاتێک کەشاندی کوردستان بۆ وەرگرتنی مافی گەل دەچوونەبەغدا هەردوو بەڕێز جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و خوالێخۆشبوو سەرکردەی لێهاتوو و هەمیشەلەیاد ئیدریس بارزانی دوو کەسایەتی بوونەکەتوانیویانەبینەباشترین و بەهێزترین پالپشت بۆ سەرۆک و باوکی نەتەوەیی بارزانی نەمر و سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی ئەوکاتی پارتیمان، ئەونددەبەهێز و بەباوەڕ و دڵسۆز و نیشتیمانپەروەر بوون کەدوژمن و نەیارەکانی گەلی کورد هەستیان بەمەترسیی بوونیان و ئامادەگییان دەکرد و کەوتنەدارشتنی پیلان بۆ تیرۆرکردنیان، بەڵام خۆشبەختانەهیچکات و هیچ یەکێک لەو پیلانەگڵاوانەنەگەیشتوون بەئەنجام و سەریان نەگرتووە.



نووسەر لە خرمەتی کاک (ئیدریس بارزانی)دا

لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول وئاوارەبوونمان بۆ ئێران ، سەرکردەی مەزن ئیدریسی هەمیشەلەیاد، ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوی بینی لەخزمەتکردن و ئیدارەدانی پەنابەران، بەتایبەتیش کەڕژێمی ساواک وشاهنشاهی بەپلانێکی داڕێژراو کوری لەباوک جیا دەکردەوەو بەسەر شار و شارۆچکەکانی ئێران دابەشیان دەکردن. ئەمەش بەجۆرێک کەدووری نیوانیان زیاتر لە 20کاتژمێر بوو.

بەڵام بەدڵسۆزی و خەمخۆریی ئەم شەهیدی سەرکردەی جوانەمەرگەو بەهەوڵ و ماندووبوونی لەگەڵ ڕژێمی شاهنشاهیی پەهلەوی و دواتر کۆماری ئیسلامی ئێران توانرا زۆر بەسەرکەوتووانەزاڵ بێت بەسەر ئیدارەکردنی پەنابەران و کێشەو گرفتیان و باری لاریان.

دوو مانگی خایاند و دەیەها هێرشی دوژمن کرایە سەر سەفین، بەڵام پێشمەرگە بەو پەڕی خۆنەویستی خۆیان ڕاگرت و هێرش لە دوای هێرشیان دەشکاند، من بەڕپرسی ناوچەی هێزی دەشتی هەولێر بووم، ڕۆژێک بۆ سەر چیای سەفین چووم بۆ سەردانی پێشمەرگەو هەندێ وتاریان بۆ بدەم، کەسەر چیا کەوتم گەیشتمە پێشمەرگەی دەشتی هەولێر، دانیشتبوون نانی وشکیان دەخوارد، حەسەن لەناویان بوو، قسەی خۆشی بۆ دەکردن، بەڵام پێشمەرگە، بووە هاندەرێکی یەکجار زۆر گەورە بۆ ئەوی وەرەی پێشمەرگە بەرز بێتەوەو مقاوەمەتی پێشمەرگە بۆ چەند ڕۆژێکی دیکەش بەردەوام بوو هەر لە ئەنجامی هاندانی و جۆشدانی وەرەی پێشمەرگەکان بەو لاوکە لەکاتی حەسەن حەیران لاوکەکەی حەمیدوێ دەگوت پێشمەرگە لەژێر دەنگی زوڵاڵی حەسەن حەیران هێرشیان کردە سەر دوژمن و جەنازەی شەهید حەمید مەولودیان ڕزگار کردو دوژمنیان تێک شکاند.

هەروەها یەکێک لە شەڕە گەورەکانی سەفین لە ساڵی 1967هەبێ هێزی دەشتی هەولێر بەهاواری هێزی سەفین چوو بوون، حەسەن حەیران لەگەڵ ئەو هێزە دابوو، شەڕەکە زیاتر لە چاوم بە چ دیمەنێک کەوت پێشمەرگەکان هەمویان زیاتر لە دوو مانگ بوو لەسەر چیا بوون شەو و ڕۆژ لە پێش هێرشی دوژمن بوون، لەژێر بۆردومانی توپ و تەیارە بوون، ڕیشیان نەتراشی بوو، خۆیان نەشۆری بوو، جلیان هەمووی درا بوو، لەناو ئەو هەموو دارو بەردە، دوو مانگ بوو گۆشتیان نەخوارد بوو، شیویان نەخوارد بوو، زۆربەیان پێلاویان لە پێدا درا بوو، حەسەن حەیران یەکێک لەوانە بوو، تاکە پێلاوێکی لەپێ دابوو، ئەوی دیکەی نەما بوو، فانیلەی سەر پێستی لەپێ ئاڵاند بوو، کە ئەو دیمەنەم دیت سەرم سوڕما ، چ قەناعەتێکە، چ بڕوایەکە، چ دڵێکە کە ئەو پێشمەرگانە پاڵ پێوە دەنێ، توانای بەرگری ئەو هەموو ناخۆشی و ئێش و ئازارو تاکتیکیە ڕەشە بکەن کە لە ماوەی ئەو شەڕە دەیەها شەهید و بریندارباران هەبوو، زۆربەیان جلوبەرگیان بە خوێنی شەهید و بریندارەکانی هەڤاڵەکانی خۆیان پێوە دیار بوو، چونکە ئاو نەبوو پێی پاک بکەنەوە، منیش پاش ئەوەی هەندێ قسەم بۆ کردن لە حەسەن حەیران- م پرسی وەزعت چۆنە تاقەتی لاوک و حەیران- ت ماوە، هەردوو قاچی بۆ درێژ کردم گوتی:

کاکی خورشید من بەو ژیانە ڕازی بم دوژمن چۆن پێمان دەوەستی، ئێمە کە ئامادەین بمرین لە چ شتێک بترسین، بەڵام دیمەنی حەسەن حەیران لەو کاتە چۆن، سەرو ڕیشی 1سم زیاتر هاتبوو، جلەکانی بەتایبەتی ڕانکەکەی لە دوو لەسەر سێی درا بوو، یەک تاکە پێلاوی لە پێدابوو، لە پێنج پاکەت فیشەکی پێ بوو، واتە 25 فیشەک، شیو و گۆشتی وەک هەڤاڵەکانی نەی دیبوو، نانی وشک، ئاوی گەرم ئینجا بەو هەموو وەرە بەرزیەوە پاش قسەکانی دەستی بە لاوکی شێخ مەحمودی کرد، لاوکەکەی لەسەر کۆپکی شەهیدان لە سەفین بەرامبەر بە جاشەکان کە هەر جاری دەگەیشتە ئەو بەندە کە دەڵێ هاواری تورکان کورد خائینە، پێشمەرگەکان یەک دەست ڕێژیان لە سەنگەرەکانی دوژمن دەکرد کە ماوەی بەینی سەنگەری پێشمەرگەو جاشەکان زیاتر لە 5مەتر دەبوو، بەڵێ حەسەن حەیرانم بەو وەرە بەرزەوە دیت.



لە پاش ڕێکەوتنی ئاداری ساڵی 197حەسەن حەیران هەر لە هێزی دەشتی هەولێر وەکو سەرپەل پێشمەرگە بوو، پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ دیسان لە هێزی دەشتی هەولێر ڕۆڵی خۆی لە شەڕەکانی چیای پیەر و سەفین و ماکۆک و شیشار بە چاکی دەدیت و چ وەکو فەرماندەیەکی چ وەکو پێشمەرگەیەکی لە شەڕدا بوو، پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ دەیەها هەزار کوردیتر بووە ئاوارە لە ئێران و گواستراییەوە شاری کرمان کە لە سنوری حاجی ئۆمەرانەوە بۆ ئەو شارە مەزەندە بکرێت زیاتر لە 25دوو هەزارو پێنج سەد کیلۆ مەتر دوورە لەو شارە مایەوە، بە ئارەقەی نێو چەوانی خۆی دوو خێزانی بەڕێوە دەبرد، تا ساڵی 1979 پاش ڕمانی ڕژێمی شا لەگەڵ هەزاران کەسیتر هاتەوە کوردستانی ئێران، بەڵام سەد موخابن توشی نەخۆشی ڕەبۆ هات، ئەو نەخۆشیە ڕێگای نەدا دووبارە بێتەوە ناو سەنگەرەکانی خۆی، بێتەوە ناو هەڤاڵەکانی هەر لە شاری نەغدە مایەوە بەڵام ناوە، ناوە سەردانی هەندێ لە بنکەکانی پێشمەرگەی دەکرد و شمشاڵەکەشی هەمیشە لەگەڵدا بوو، گەلێ شەوان لە بنکەکانی پێشمەرگەی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان دەمایەوەو بە دەنگە خۆشەکانی دیسان پێشمەرگەی جۆش دەدایەوەو هانی دەدان.

تاساڵی 1987لە ڕێگەی نەغدەدو ڕەزاییە بە کارەساتی ئۆتۆمبیل کاکە حەسەن حەیران و دەنگە خۆشەکەیی ماڵ ئاوایی لە کوردستان و هەڤاڵانی کردو هەموو ئەو ئومێدو ئارەزوویی بە کوردستان شاد بوو، نەوەک لەگەڵ خۆی بردە ژێر خاکی بەڵام دەنگە زوڵاڵەکەی حەسەن حەیران تا ژیانێکی درێژ خایەن لەنێو هەڤاڵانی و گەلەکەیی و هونەر دۆستان، عاشقانی کوردستان دەمێنێت و هەمیشە دڵسۆزان و کوردی پێ دەدرێت

*لە ڕێکەوتی 21-5-28ئەم دیمانەیەم لەگەلیدا ساز کردووەو دوای خۆیندنەوەی زۆر گریا

*** ئاوەدل ڕۆژهەیانی: حەسەن حەیران خۆی، خۆی پێگەیاند**

شەهید حەسەن قادر خەلیل ناسراو بە حەسەن حەیران خزمی یەکبوونە، ڕۆژهەیانین، لەگەڵ یەکبوونە مەبدەئییەن لە پێشمەرگایەتی.

لە ساڵی 1963حەسەن حەیران بوو بە پێشمەرگە منیش هەر لەو ساڵی، هەردووکمان ماوەیەکی زۆر لەگەڵ یەک پێشمەرگە بووینە، حەسەن حەیران کۆڕە جووتیارێکی هەژار بوو، خۆی، خۆی پێگەیاند، نە خاوەنی بڕوانامەیەکی بەرز بوو، نە خاوەن عەشیرەتێکی زۆر بوو، هێزێک لەپشتی بێ، نە خاوەنی سەرمایەدارێکی زۆر، حەسەن توانی خۆی لەناو جەماوەر جێی خۆی بکاتەوەو بتوانی لەلای خەڵک خۆشەویست بێت بە چ بەو خەبات و ماندوو بوونەی، بەو خزمەتەی، بەو پێشمەرگایەتیەی.

ئێمە خزمی یەک بووین، بەڵام هاموشۆ پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتر کەم بوو، لەبەر ئەوەی ئێمە مالّمان لە شاری هەولێر بوو، ئەوان مالّیان لە گوند بوو، بەڵام لە ساڵی 1963لە پێشمەرگایەتی لەگەڵ یەکبووین و هاموشۆی یەکترمان کرد زۆر خۆشحاڵ بووم، لەبەر ئەوەی کابرایەکی ئاقڵ بوو، زانا بوو، پێشمەرگە بوو، شۆڕشگێڕ بوو، بە نانێک دوور ڕۆژان بەڕێوە دەچوو، هیچ کاتێک گرفتی نەبوو لە خواردن، لە بەرگ، ژن ومنداڵی برسیبایە گوێی لێ نەبوو، خزمەتەکەی پێی بە هەمووی هەبوو.

حەسەن حەیران لە شەڕەکانی دەشتی هەولێرو شەڕی سەفین دادەنیشت دڵی پێشمەرگەکانی دەدایەوە، لاوکی دەگوت، حەیرانی دەگوت، خۆی خاوەنی ژن و منداڵ بوو، خەمی ئەوانی نەبوو، خەمی ژن و منداڵی پێشمەرگەکانی بوو، هەر دەیگوت ورەتان بەرز بێت حکوومەت هیچ نییەو دەڕوخێ و ئێمە بەهێزترین لە حکوومەت تڤەنگمان تینگلیزی بوو لەگەڵ دەبابە شەڕمان دەکرد، بڕوایی ئەوە بوو تڤەنگەکەمان دەبابەی دەبڕێتن، بڕوای ئەوەها بوو.

بە ڕاستی پێشمەرگەیەکی زۆر باش و ئازا بوو، لە شەڕی سەفین و شەڕەکانی دیکە بڕواتان بێت کە حەسەن لاوک یان حەیرانی دەگوت جاشەکانیش تەقەیان ڕادەگرت تاوەکو لێ دەبۆوە، کاک خورشید شێرە گوتەنی هاتینە خوارەوە لە سەفینی زۆر هیلاک بووین ئەوکات بوو حەسەن پێخواس بوو، پێلاوی لەپێ نەما بوو، کەڕکەکی دڕای لەبەر بوو، ڕێنی زۆر هاتبوو زۆر دژون بوو، هەر گوێی لێ نەبوو، دەهات لەپێش پێشمەرگەکان دەڕۆیشت بەستەی دەگوت و حەیرانی دەگوت، مەقامی دەگوت دڵی ئەوانی خۆش دەکرد، هاتینەوە دەشتی هەولێر، لە دەشتی هەولێریش لە شەڕەکانی گیلەی ڕەش و کورداوەو چەمرگەو دێگەڵەو شەڕی حەوت قۆڵی و دێدەوان و..هتد بەشداری کردبوو.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/1/30 ژمارە (5922)
خەبات

تەنز لە ئەدەبی کوردیدا رووبەرێکی بەرتەسکی هەیە

"تەقەی خۆشی رامەگرن" ی سەلام عەبدوڵلا مەڵۆیەک بۆ سەر خەرمانەی ئەدەبی تەنز

دڵشاد مستەفا وەسانی

دوای گەشتێک بەناو ساتیرەکانی مامۆستا سەلام عەبدوڵلا لە کتێبی (تەقەی خۆشی رامەگرن)دا، هەستم کرد نووسەر توانیویەتی لەڕێگەی ساتیرەکانیەوە، قسە لەسەر زۆربەی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستان بکات، شێوازی خستنەڕووی رەخنە و دەست خستنە سەر کەموکوڕی و دیاردە ناشیرینەکان لەبەرگێکی تەنزئامێزدا، جیا لەوەی چێژبەخشە، خوێنەر دەباتە ناخی بریندە ناسۆرەکانی کۆمەڵگە، ئەگەرچی ساتیرەکان لە هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو نووسراون، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەو رووداوانەی بوونەتە کەرەستەی ساتیرەکان، بۆ چارەکی کۆتایی سەدەی بیست دەگەڕێنەوە، هەموو ئەو رووداو و بەسەرهاتانەی لە ساتیرەکانیشدا بەرجەستە کراون، نووسەر لەگەڵیاندا ژیاوە و لە ژینگەی جیاجیاوە هەڵێنجراون، بۆیە لە هیچ یەکێک لە ساتیرەکاندا، هەست ناکرێت نووسەر بە زۆرەملێ شتێکی نامۆی دوور لە واقیعی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندبێت، لەبەرئەوە پاش خوێندنەوەی کتێبەکە، وەک خوێنەرێک ئەم چەند سەرەقەڵەم لا گەڵاڵە بوون.

زۆربەی نووسەر و ئەدیبانی کورد، توانای خۆیان بۆ شیعر و رۆمان و چیرۆک تەرخان کردووە، زۆر کەمتر لایان لە ئەدەبی تەنز یان ساتیر کردۆتەوە، هەر بۆیە لە مەیدانی ئەدەبی کوردیدا، هەر نووسەر و ئەدیبێک ناوی خۆی لێدەنرێت، وەک شاعیر و رۆماننووس و چیرۆکنووس، بەڵام کەمتر ناوی تەنزنووسمان گوێ لێ دەبێت، ئەمەش وایکردووە، ئەوانەی تەنز یان ساتیر دەنووسن، دەگمەن بن، سەلام عەبدوڵلا لەو نووسەرانەیە کە وێڕای نووسینی رۆمان و وتاری سیاسی، وەک تەنزنووسیش ناسراوە، هەروەها نووسەر و شاعیر و رەخنەگر حەمەسەعید حەسەن لەو بوارەدا سەرکەوتووانە ئەسپی خۆی تاوداوە، بەتایبەت لە کتێبی (ڕاوەژن) و ساتیرە شیعرەکانیدا.

ئەدەبی تەنز ئامرازێکە بۆ گوزارشتکردن لە مەینەتی و غەم و دەردەسەری، پەیامێکی روون و دیارخستنی بەرژەوەندیی خەڵکی چەوساوەیە، بەو پێیە کە نووسین ئەمانەت و پەیام و ئینتیمایە، ئەم جۆرە نووسینە بۆ کات بەسەربردن نییە، کاڵایەکیش نییە بۆ کڕین و فرۆشتن، بەڵکو بۆ ئەو کاتەیە کە هێڵی سوور هەیە، ئەو هێڵە سووڕەی بوار بەوە نادات بەکارهێنانی شێوازێکی گونجاو هەڵبژێری، چەکێکە لە ئاگر و شمشێر بەهێزترە، ئاخر چەندین قەڵەمی گرِدار، شۆڕشی گەلانیان بەرپا کردووە و ڕەوتی میژوویان گۆڕیوە، راستییان بونیاتناوە کە ناکرێت لەبیر بکرێت، بۆیە نووسینی گاڵتەئامێزی بێ ڕەحمە و بەڵگەهێنانەوە، کە مەبەست لێی تەنیا وەپێکەنێن هێنانە، ڕەخنەی تەنزئامێز نییە بە قەدەر ئەوەی تەنیا کۆمیدیا و گاڵتەجارِییە (تهریج)، ڕەخنەی ڕووت و بێ زەردەخەنە و گاڵتەئامێزیش، ڕەخنەی تەنز نییە، بەقەدەر ئەوەی وتاریکی ڕۆژنامەنووسییە، بەم پێیە ئەدەبی تەنز و گرِدار بریتییە لە تێکەڵکردن و پێکەوە گونجاندن لە نێوان ڕەخنە و گاڵتەدا، ئەمەش ئەو شێوازە نایابەیە، کە تایبەت بوو بە (برنارد شۆ)ی نووسەر.(1)

دەگوترێت نوکتە ڕەنگدانەوەی واقیعێکی گریاناوییە، هەرچەند بڕی پێکەنین لە نوکتەدا زیاد بێت، ئەوا لە بەرامبەر واقیعدا لێکدوورکەوتنەوەیەکی بەڕفراوانە، نوکتەی سیاسی بەتایبەتی، هەمیشە دەربڕینێکی زیرەک و زرنگ بووە، دەربارەی ڕەتکردنەوە و ناڕەزایی، جۆرێک بووە لە جۆرەکانی هۆشیاریی داپۆشراو و دەمامکدار، بەڵام ئایا هۆشیاری بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆی بکات پێویستی بە دەمامکە؟ ئەدی تەنز و ساتیر لە واقیعێکدا کە زیاتر بووەتە گاڵتەجاڕی (تهریح) چ سوودێکی هەیە؟(2)

لە هەندێ کۆمەڵگە، نوکتە دەبێتە گوزارشتکردن لە ناڕەزایی، هەر بۆیە دەگوترێت پێش سەردەمی ژمارەیی، لە دامودەزگای هەواڵگریی سیستەمە دیکتاتۆرییەکان و بەتایبەتیش لەیەکێتی سۆڤیەتی جاران و دەوڵەتە عەرەبییەکاندا، بەشێکی تایبەت بە کۆکردنەوەی نوکتە لە شەقام و ڕاڤەکردنیان هەبووە،(3) ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت، کە نوکتە هەناسەیەک بووە، بۆ دەربڕینی ناڕەزایی و گلەیی.

تەنزنووس بە جۆرێک کاردەکات، کاریگەریی لەسەر چین و تۆژەکانی کۆمەڵگە بەجێ بهێڵێت، هەندێ لەو تەنزنووسانە، نەک بەتەنیا کاریان لە جەماوەر کردووە، بەڵکو کاریگەرییەکانیان گەیشتۆتە دەسەڵات. بۆ نموونە لە شەستەکانی سەدی بیستەم، تەنزنووسێکی بەناوبانگ لە عێراق هەبووە، کە بە شەهیدی شیوعی ناسراوە، ئەویش (عەبدولجەبار وەهبی) سەرکردەی تەنزنووسی شیوعی بوو، کە ستوونێکی لە دوالاپەڕەی ڕۆژنامەی (اتحاد الشعب) بەناوی (کلمە الیوم) هەبووە، لەو گۆشەیەدا، بەشێوەیەکی تەنز دەینووسی و ڕستەکانی سادە بوون، بەڵام مانایەکی قوڵیان هەبووە، ئەو نووسەرە توانایەکی بەرزی لە دەستنیشانکردنی دیاردەی خراپ و نەرێنی هەبووە، بابەتەکانی بە حیکایەتی میللی گرێ دەدایەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر تووند بە ئامانجەوە ببەستێتەوە، کاریگەریی نووسینە تەنزئامێزەکانی ئەو نووسەرە بە جۆرێک بووە، عەبدولکەریم قاسم سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق گوتوویەتی:" گوللەکانی – راس القریە– نەک نووسینەکانی عەبدولجەبار وەهبی".(4)

لای ئێمەی کورد، بەو پێیەی تەنز لە ئەدەبی کوردیدا ڕووبەڕێکی بەرچاو و دیاریکراوی نییە، هەربۆیە کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەت بە تەنزیش ڕێک نەخراوە، کە لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە بکرێت، کەچی گەلانی دەوروبەرمان بەپێچەوانەوە، کۆڕ و سمیناری تایبەت بە تەنزیان کردووە، هەر بۆ نموونە عەرەب چەند دیدار و کۆڕیان کردووە، چەندین لێکۆڵینەوە لە لایەن تۆژەرانیانەوە پێشکەش کراوە، بەشدارانی دیدارەکان، گوتوویانە بەر لەوەی نووسەرانی ئەدەبی تەنز پۆلێن بکەین، پێویستە بۆ پێناسەی چییەتی ئەدەبی تەنز بگەڕێینەوە، ئایا چ ئەدەبێک بێت کە شێوازی تایبەت بەخۆی هەبێت، پشت بە هۆشیاری و زیرەکی و پتەویی بونیات و مانا ببەستێت، وەک محەمەد ماغوت پەیڕەوی دەکرد، هەروەها محەمەد تەملیە شێوازێکی نووسینی داهێنا، کە لە چوارچێوەی زمانێکدا دەکرێ پێی بگوترێت زمانی سێیەم، دەقی ڕۆژنامەنووسیی و دەقی ئەدەبیی تێکەڵ کرد، زمانەکە پشتی بە دانپێدانان و تێگەیشتن لەوەی لە دەوروبەر ڕووەدات و لە ناخی تۆڕێی کۆمەڵایەتیدایە و ئەوەی لە ژووری سیاسییە داخراوەکاندا دەگوزرێت.(5)

وەک چۆن نووسەرانی جیهان و دەوروبەرمان، بەهۆی نووسینە تەنز ئامێزەکانیانەوە سەرئێشەیان بۆ دروست بووە، نووسینەکانی سەلام عەبدوڵلاش بێ سەرئێشە نەبوون بۆی، چونکە لە ڕێگەی تەنزەوە کەموکوڕی کەموکوڕییەکانی کۆمەڵ، وەک کاریکاتێر گەورەتر نیشان دەدات و پەنجە دەخاتە سەر زۆر دیاردەی ناقۆڵا و بەسەرچوو، هەروەک هەڵوێستی خۆی لە کۆمەڵ و بەرپرسانی بە ئاشکرا و لەژێر پەردەی گێڕانەوەیەکی تەنز ئامێزدا نیشان دەدات، کە زۆر جار بە تایبەتیش لە سەرەتادا خەڵکانێکی زۆر، بەتایبەتی چینی دەسەڵاتدار ڕاستەوخۆ دژایەتی دەکەن و بەشێوەی ڕەخنە دەخڕێتەڕوو، بۆیە نووسەران تووشی دەردەسەری دەبن، زۆرجار ئەوانەی تەنز دەخوێننەوە، بەتایبەت هەندێ لە کاربەدەستان، ڕووداوەکانی نێو بابەتەکە و کارەکتەرەکانی بە خۆیان دەچوێنن و بە ڕەخنەی ڕاستەوخۆ لەخۆیان دەزانن، ئەگەرچی ناوی تەواوی خۆیشیان ڕاستەوخۆ نەهاتبێت، بۆ ئەو دەردەسەریانەی تووشی نووسەران دەبێت، سەلام عەبدوڵلا لە پێشەکیی (تەقەی خۆشی ڕامەگرن) زیاتر پەنجە دەخاتە سەر ئەو لایەنە و نموونە لەو ڕووەوە دەهێنێتەوە و دەڵێت:"نووسەری گەورەی تورک عەزیز نەسین نموونەیەکی زیندووە بۆ هەڵوێستی خەڵکی بە گشتی و دامودەستگەکانی بەرپرس بە تایبەتی، کە لە سەرەتای دەستپێکردنی نووسیندا چ دژایەتییەکیان دەکرد و خۆشی تووشی چ چەرمەسەری و گرتن و دژایەتییەک دەبووەوە، چونکە ئەم جۆرە ئەدەبە دیارە، نووسەر لە چیرۆکەکەدا لە شێوەی نووسینگەی ڕاپۆرت نووسین پێمان دەناسێنێت، دیاردەکە زۆرە و ترسناک پیشان دەدات، بەجۆرێک خزم و کەسانی لەیەک نزیکیش دەست لێک ناپارێزن، بۆ ئەوەی دیاردەکە بە قێزەونی پیشان بدەن، نووسەر لە سەر زاری کەسێکی بێ ئاگای نێو کۆمەڵگە، کە خۆی کردۆتە ئەو کارەکتەرە، خۆی بە نووسینگەی ڕاپۆرت نووسیندا دەکات و لەوێ بۆی دەردەکەوێت، کە ڕاپۆرت نووسین یان کە وشە باوەکەی سەر زمانی خەڵکی بەکارهێناوە (تەقریر) چەند جۆرێکی هەیە، لە نووسینگەی ڕاپۆرت نووسین و لەپشت سەری نووسەری تەقریرەکان جۆرەکان دەخاتەڕوو: "سەیری ڕەفەکانی پشتەوەی نووسەرم دەکرد، هەموو پڕبوون لە فایل بۆکس و لەسەر هەر یەکێک بابەتێک نووسرابوو، بەپەلە دەمخوێندنەوە..فایلی (ملشکاندن)، فایلی (تڕۆکردن)، (سڕکردن)، (راونان)، (دوورخستنەوە)، (ئابرووبردن)، چ زەمانێکە، تۆ بڵێی خەون نەبینم، هەر بۆیەش بە ئەسپایی بەوەی تەنیشتم کە گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بوو وت: "نامەوێ خاوەن دوکان مەشغوڵ بکەم، ئەمە ڕاستە، مەبەستم..." لە ڕاستیدا نەمزانی چۆن ڕستەکەم تەواو بکەم، بەڵام کوڕە گەنجەکە لە مەبەستم گەیشت چونکە یەکسەر گوتی: " بەڵێ ئەمەی دەیبینی خودی حەقیقەتە".(8)

لە (ماسقالە)دا(9) نووسەر دیوی ناوەوەی بارودۆخی نووسین و وتارنووسمان پیشان دەدات، ئەگەرچی جۆرێک لە بێ ئومێدی لەبارەی بەرهەمی نووسەران دەخاتەڕوو، بەڵام لە ڕاستیدا ڕەخنەیەکی بەجێیە لەوەی کە بارودۆخی نووسەران و بەرهەمی ئەدەبی و نووسین بەگشتی بەو ئاستە گەیشتووە، هەرمێن بۆ ئەو جۆرە نووسینانە پەیدا بکرێت، کە خۆیان لە کێشە و گرفتە گەورەکانی کۆمەڵگە دزیوەتەوە و تەنیا ئەرکی ماستاوکردن بۆ بەرپرسانیان وەئەستۆ گرتووە، لە ماسقالەدا نووسەر خۆی لە کارەکتەری کەسێک کە تازە دەست بە نووسین دەکات دەخاتەڕوو، دەیەوێ وتارەکەی پیشانی نووسەرێکی گەورەی شارەکەی بدات، لە گفتوگۆی نێوان هەردوو کارەکتەری چیرۆکی تەنزئامێزی ماسقالەدا، لەسەر زمانی نووسەری خاوەن ئەزموون، بێزاری نووسەران لەبەرامبەر ئەو کەشە خراپەی بۆ نووسەران و بەرهەمی ئەدەبی و نووسین خوڵقێندراوە دەخاتەڕوو، زۆر وەستایانە ناوی ساتیرەکەیشی لە هەردوو وشەی (ماستاو) و (مەقالە)دا داتاشیوە و (مەسقالە)ی لێ دیارە، نووسەر لە چیرۆکەکەدا لە شێوەی نووسینگەی ڕاپۆرت نووسین پێمان دەناسێنێت، دیاردەکە زۆرە و ترسناک پیشان دەدات، بەجۆرێک خزم و کەسانی لەیەک نزیکیش دەست لێک ناپارێزن، بۆ ئەوەی دیاردەکە بە قێزەونی پیشان بدەن، نووسەر لە سەر زاری کەسێکی بێ ئاگای نێو کۆمەڵگە، کە خۆی کردۆتە ئەو کارەکتەرە، خۆی بە نووسینگەی ڕاپۆرت نووسیندا دەکات و لەوێ بۆی دەردەکەوێت، کە ڕاپۆرت نووسین یان کە وشە باوەکەی سەر زمانی خەڵکی بەکارهێناوە (تەقریر) چەند جۆرێکی هەیە، لە نووسینگەی ڕاپۆرت نووسین و لەپشت سەری نووسەری تەقریرەکان جۆرەکان دەخاتەڕوو: "سەیری ڕەفەکانی پشتەوەی نووسەرم دەکرد، هەموو پڕبوون لە فایل بۆکس و لەسەر هەر یەکێک بابەتێک نووسرابوو، بەپەلە دەمخوێندنەوە..فایلی (ملشکاندن)، فایلی (تڕۆکردن)، (سڕکردن)، (راونان)، (دوورخستنەوە)، (ئابرووبردن)، چ زەمانێکە، تۆ بڵێی خەون نەبینم، هەر بۆیەش بە ئەسپایی بەوەی تەنیشتم کە گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بوو وت: "نامەوێ خاوەن دوکان مەشغوڵ بکەم، ئەمە ڕاستە، مەبەستم..." لە ڕاستیدا نەمزانی چۆن ڕستەکەم تەواو بکەم، بەڵام کوڕە گەنجەکە لە مەبەستم گەیشت چونکە یەکسەر گوتی: " بەڵێ ئەمەی دەیبینی خودی حەقیقەتە".(8)

لە (ماسقالە)دا(9) نووسەر دیوی ناوەوەی بارودۆخی نووسین و وتارنووسمان پیشان دەدات، ئەگەرچی جۆرێک لە بێ ئومێدی لەبارەی بەرهەمی نووسەران دەخاتەڕوو، بەڵام لە ڕاستیدا ڕەخنەیەکی بەجێیە لەوەی کە بارودۆخی نووسەران و بەرهەمی ئەدەبی و نووسین بەگشتی بەو ئاستە گەیشتووە، هەرمێن بۆ ئەو جۆرە نووسینانە پەیدا بکرێت، کە خۆیان لە کێشە و گرفتە گەورەکانی کۆمەڵگە دزیوەتەوە و تەنیا ئەرکی ماستاوکردن بۆ بەرپرسانیان وەئەستۆ گرتووە، لە ماسقالەدا نووسەر خۆی لە کارەکتەری کەسێک کە تازە دەست بە نووسین دەکات دەخاتەڕوو، دەیەوێ وتارەکەی پیشانی نووسەرێکی گەورەی شارەکەی بدات، لە گفتوگۆی نێوان هەردوو کارەکتەری چیرۆکی تەنزئامێزی ماسقالەدا، لەسەر زمانی نووسەری خاوەن ئەزموون، بێزاری نووسەران لەبەرامبەر ئەو کەشە خراپەی بۆ نووسەران و بەرهەمی ئەدەبی و نووسین خوڵقێندراوە دەخاتەڕوو، زۆر وەستایانە ناوی ساتیرەکەیشی لە هەردوو وشەی (ماستاو) و (مەقالە)دا داتاشیوە و (مەسقالە)ی لێ دیارە، نووسەر لە چیرۆکەکەدا لە شێوەی نووسینگەی ڕاپۆرت نووسین پێمان دەناسێنێت، دیاردەکە زۆرە و ترسناک پیشان دەدات، بەجۆرێک خزم و کەسانی لەیەک نزیکیش دەست لێک ناپارێزن، بۆ ئەوەی دیاردەکە بە قێزەونی پیشان بدەن، نووسەر لە سەر زاری کەسێکی بێ ئاگای نێو کۆمەڵگە، کە خۆی کردۆتە ئەو کارەکتەرە، خۆی بە نووسینگەی ڕاپۆرت نووسیندا دەکات و لەوێ بۆی دەردەکەوێت، کە ڕاپۆرت نووسین یان کە وشە باوەکەی سەر زمانی خەڵکی بەکارهێناوە (تەقریر) چەند جۆرێکی هەیە، لە نووسینگەی ڕاپۆرت نووسین و لەپشت سەری نووسەری تەقریرەکان جۆرەکان دەخاتەڕوو: "سەیری ڕەفەکانی پشتەوەی نووسەرم دەکرد، هەموو پڕبوون لە فایل بۆکس و لەسەر هەر یەکێک بابەتێک نووسرابوو، بەپەلە دەمخوێندنەوە..فایلی (ملشکاندن)، فایلی (تڕۆکردن)، (سڕکردن)، (راونان)، (دوورخستنەوە)، (ئابرووبردن)، چ زەمانێکە، تۆ بڵێی خەون نەبینم، هەر بۆیەش بە ئەسپایی بەوەی تەنیشتم کە گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بوو وت: "نامەوێ خاوەن دوکان مەشغوڵ بکەم، ئەمە ڕاستە، مەبەستم..." لە ڕاستیدا نەمزانی چۆن ڕستەکەم تەواو بکەم، بەڵام کوڕە گەنجەکە لە مەبەستم گەیشت چونکە یەکسەر گوتی: " بەڵێ ئەمەی دەیبینی خودی حەقیقەتە".(8)





دروستکردووە.

نهێنیی عەسکەری(10) یەکێک لەو ساتیرە زۆر تەنزئامێزانەیە، کە دەیخوێنیتەوە بزەت دەخاتە سەر لێوان، بەڵام زۆر نابات، ئاخ بۆ ئەو بارە ناهەمواوە شێوازەی تەشکیلاتی سەربازی هەڵدەکێشی، نووسەر لە کارەکتەرێکی بێ ئاگای بواری سەربازیدا، بە پرسیارەکانی، بەڕپرسی سەربازی لە سەر لوتکەی چیا و لە پاڵ سەنگەر و ڕەبەدا، وەدەنگ دێنێت، بەڵام کۆپیی دیمەنی هەرچی پۆخڵەوات و گەندەڵی و بێسەروبەرەیی هەیە پێمان دەبەخشێت، لە (نهێنیی عەسکەری)دا پەیامێکی ڕوون دەخوێنییەوە، کە هەموو پەرەنسیپە سەربازییەکان، بە قوربانی کۆکردنەوەی پارە کراوە، بەو شێوە تەنزئامێزیەی خستوویەتیە ڕوو، کە کابرای بەرپرس موچەی 114 کەس وەردەگرێت، بەڵام 14 کەس لە ئەرکدان، کەچی ئەو بێسەروبەرییە بە نهێنی عەسکەری دادەنێت، پەیامی ترسناکی سەردەمی شەڕی ناوخۆی گەیاندووە، لێ ئەوەی گرنگە، وەک لە نووسەرم بیستووە، دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ساتیرە، لێژنە پێکهێنداوە و پێداچوونەوەیەک بە یەکە سەربازییەکاندا کراوە.

خوێندنەوەی ساتیرەکانی ئەم کتێبە زۆرتر هەڵدەگرێت، بەڵام نامەوێ درێژەی بدەمێ و خوێنەر زۆر ماندوو بکەم، لێ پێویستە ئەوە بڵێم، ئەگەر ساتیر یان تەنز وا لێکبدرێتەوە، لەسەرزمینێکدا سەرهەڵدەدات، کە ئازادی تیادا نەبێت، ئەوا لە کوردستاندا بەشێوازی وتاری ڕۆژنامەوانی و لە ڕێگەی شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە، زۆر ڕەخنە دەگیرێت، بەڵام تەنز وێڕای ئەوەی چێژێکی ئەدەبیی هەیە، پەیامی ڕەخنەیی خۆیشی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنز لە کوردستاندا، هێشتا لە ڕووبەرێکی تەنگەبەردایە.

* تەقەی خۆشی ڕامەگرن، ناونیشانی دوا کتێبی مامۆستا سەلام عەبدوڵلایە، بە قەبارەی بچووک و 352 لاپەڕە، کە تایبەتە بە ساتیر و 56چیرۆکە، بە دیزاینێکی جوان کە لە لایەن هاوکارمان کاک شکار نەقشبەندی کراوە، لە کۆتایی 2019کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

پەراوێز و سەرچاوە:

1 -عبدالجبار نوری، شهادات و مذکرات شخصیات برنارد شو رائد الادب الانکلیزی الساخر، صحیفه المثقف، العدد 4823 فی 19/11/2019. HYPERLINK "http://www.almothaqaf.com/b5/898790" http://www.almothaqaf.com/b5/898790

2- باسم یوسف، النکته فی الزمن الرقمی، 19/11/2019 HYPERLINK "http://www.alhurra.com/a/521948" www.alhurra.com/a/521948...

3- هەمان سەرچاوە.

4- عبدالجبار نوری، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

5- زیاد العانی، الادب الساخر، 5/8/2009 HYPERLINK "https://www.emaratalyoum.com/opinion/2009-08-05-1.159190" https://www.emaratalyoum.com/opinion/2009-08-05-1.159190

نوێترینی ئەو کۆڕانەی بۆ ئەدەبی تەنز کراون، ئەو کۆڕە بوو کە لە 11/9/2019لە (مەسقەت)ی پایتەختی عومان، کە لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی و عومان بەڕێوەچوو، کۆڕەکە چەند کارنامەیەکی دەربارەی ئەدەبی تەنز و قسەکردن لەبارەی تایبەتمەندیەتیی ئەو جۆرە ئەدەبە و ئامادەبوونی لە بواری ڕۆشنبیریی مرۆیی عەرەبی و کاریگەریەکانی ئەدەبی تەنز لە ڕەوتی ڕۆشنبیریی عەرەبیدا لەخۆگرتبوو، بڕوانە (ندوة الادب الساخر تکشف ملامحه و رواده و تاثیراته فی المسار الثقافی العربی)HYPERLINK "http://alwatan.com/details/349025" http://alwatan.com/details/349025 11/9/2019.

6- سەلام عەبدوڵلا، تەقەی خۆشی ڕامەگرن – ساتیر، چاپی یەکەم، 2019ل 7و 8.

7- هەمان سەرچاوە، ل 198- 202.

8- هەمان سەرچاوە، ل.13-9

9- هەمان سەرچاوە، ل 49-45

10- هەمان سەرچاوە، ل 50- 54.

دینۆ میکایل راهێنەری تازەی یانەی هەڵۆ بۆ خەبات:

هەوڵدەدەم دوای تەواوبوونی ئەم خولە گۆڕانکاری باشتر لە یانەکە بکەم





دیمانە: مسلم دزڵەمەری

یانەی هەڵۆ کە لەرابردوو و ئێستادا یەکێک بووە لە یانە هەرە باشەکان، ئەویش بەماندووبونی چەندان راهێنەری جیاجیا، هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تاکو ئێستا، کە دوا راهێنەری نوێی ئێستای یانەی ناوبراو لەلایەن دەستەی کارگێری یانەکە دیار کراوەو دەستبەکاربووە، ئەویش دینۆ میکایلە کەپێشتر وەکو گۆلچی یانەی هەڵۆ خزمەتی کردووە، لەم دیمانەیەدا دینۆ وەڵامی چەند پرسیارێکی دایەوە و گوتی:

لەسەرەتای دامەزراندنی ئەو یانەیە وەکو گۆلچی تا ساڵی 2007بەردەوام بووم، کە لەم ماوەیەدا چەندین سەرکەوتنمان بەدەستهێناوە، بۆ نمونە سالی 2004وە 2005نازناومان بەدەست هێناوە وە لە دوو خولدا بەباشترین گۆلچی کوردستان هەلبژێردراوم، هەر لەم یانەیەدا چەندین خولی راهێنەرایەتیم بینیوە، لەوانە لە پۆلەندا و ئۆکرانیا و سربیا، و خاوەن بروانامەی C ئاسیام.

هەروەها گوتی: تاکو ئێستا یانەکەمان چەندین راهێنەری هەبووە کە خزمەتی باشیان کردووەو سەرکەوتن وبەرهەمی باشیشیان هەبووە، لەوانە مەحمود مەجید کەماوەی چەند رۆژێکە دەستی لەکار کێشایەوەو لەلایەن دەستەی کارگێری یانەکەش وەکو راهێنەر دەستنیشانکرام، بەراستی کاک محمود و ئەوانی تری رابردوش هەموویان جێگای ڕێزن، چونکە هەمیشە هەمو هەولو تواناکانیان لەخزمەت سەرخستنی یانەکەمان بووە.

سەبارەت بەدەستنیشانکردنی وەک راهێنەری هەڵۆ گوتی: سوپاسی گشت هاوڕێیانم دەکەم کەئەم متمانەیان پێبەخشیم، بەراستی دیاریکردنی من وەکو راهێنەر دەگەڕێتەوە بۆئەزموون وشارەزایی چەندین سالّەم لەم یانەیە و وەهەروەها لەم کات وساتەدا نەماندەتوانی راهێنەرێکی تر بێنینە نێو یانەکەمان چونکە وەک خۆتان دەزانن ئێستا لەنێو خولداینەو هێنانی راهێنەرێکی ترکە شارەزایی لە یانەکەو یاریزانان نەبێت لەم کات وساتەدا کەمێک ئەستەم دەبوو بۆمان، بۆیە ئەم متمانەیان پێبەخشیوم ومنیش هەمو هەول وتەقەلای خۆمم بۆسەرخستن وپێشوەبردنی یانەکەم دەدەم بەتایبەتی لە دووای تەواو بونی ئەم خولە هەولدەدەم زیاتر پێشوەچون وگۆڕانکاری لە یانەکەماندا بکەم بۆ خولی نایابی کوردستان.

لەرووی یاریزان وکەموکوڕییەکانی یانەکەی گوتی: بەداخەوە ئێستا یاریزانێکی هەرەباشمان پێکانی هەیە کە ئەویش هەژار سابیرە کە ناتوانێت ئەمسال بەردەوام بێت لەگەڵمان، بەڵام کێشەی ئێمە دەتوانم بڵێم لو یاریزان و گۆلچی نییە بەڵکو کێشەمان گۆڵکردنە، چونکە لە کوردستان بەگشتی یاریزانی گۆڵکار کەمە، بەڵام تەواوی هەوڵی خۆم دەدەم کە لە نێو یانەکەمان تارادەیەک ئەم گرفتە چارەسەر بکەم.

یانەی ئارسنال سەرکەوت

سوڵێمان سلێمان

یانەی ئارسێنال بە سەرکەوتوویی توانی بگاتە قۆناغی پێنجەمی جامی پیشەگەری ئینگلّتەرا، دوای بردنەوەی لە یانەی بۆرنمۆس، یاربیەکە لە یاریگای ڤیتالّی بەرێوەچوو کە لەو رووبەروبونەوەیەدا ئارسنال توانی سەرکەوتن بە سەر یانەی بۆرنمۆس بەدەست بەهێنێت بە ئەنجامی 2-1توانی لێی بباتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە هەردوو یاریزانە گەنجەکەی ئارسنال ئەوانیش ئیدوارد نیکیتا و سام سادریج لە خولەکی 90تواناییان دوو گۆڵ بۆ یانەکەیان تۆمار بکەن.

جێی ئاماژەپێیە یانەی ئەارسنال یاریزانی زۆر بە تواناو نوێی لە خۆگرتووە، یەکێک لە وانەش یاریزانی فەرەنسی لاکتازیت و یاریزانی ئەڵمانی مەسعود ئۆزیل

کریستیان ئیریکسن چووە ئینتەرمیلان



یانەی ئینتەرمیلانی ئیتالّیی، رۆژی سێ شەمەی ڕابردوو، تەواوکردنی دەستەوارەی گواستنەوەی یاریزانی دانیمارکی، کریستیان ئیریکسن، ئەستێرەی یانەی تۆتنهامی ئینگلیزیی بە فەرمی بۆ ڕیزەکانی، لە ماوەی گواستنەوەی زستانەدا ڕاگەیاند. بە گوێرەی ڕاگەیاندراوی مالّپەڕی ئینتەرمیلان بێت، ئیریکسن، بۆ ماوەی چوار ساڵ و نیو واژووی بۆ ئینتەر کردووە. ئاماژەی بەوەش کردووە، بڕی تێچووی گرێبەستەکە 20ملیۆن یۆرۆیە، کە دراوە بە یانەی تۆتنهام، ئەوەش بۆ ئەو شەش مانگەیە، کە لە ماوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکەی لەندەندا مابووی، هەروەها بڕی یەک ملیۆن یۆرۆش دەدرێتە یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی (یانەی پێشووتری یاریزانەکە)، زێدەباری وەرگرتنی داهاتی یاریەکی دۆستانە لەگەڵ ئینتەر لە داهاتوودا. ئەمەو ئیریکسن، بەیانی ڕۆژی دوو شەمە گەیشتە شاری میلانۆ، دوای چەندین هەفتە لە دانوستانی نێوان هەردوو یانەدا، چونکە سەرۆکی یانەی تۆتنهام، دانیێل لیڤی، ڕازی نەبوو کەمتر لە 20 ملیۆن یۆرۆ وەرگرێت، هەرچەندە مەترسی ئەوەش لە گۆڕێدا بوو، لە کۆتایی ئەم وەرزەدا یاریزانەکە بە خۆڕایی بڕوات، دوای تەواو بوونی ماوەی گرێبەستەکەی. لە کاتی گەیشتنی ئیرکسن بۆ شاری میلانۆ، جەماوەرێکی زۆری یانەی ئینتەر لە پێشوازیدا بوون، پشکنینی پزیشکیی بۆ ئەنجامدراو و پاشان بە فەرمی تاکو هاوینی ساڵی 2024 بووە یاریزانی ئینتەر میلان.

ڕەمزی میرەکانی

مێسی بە پەیامێکی ئازارکێش ماڵئاوایی لە کۆبی براینت دەکات



نێوەندو کەسایەتییەکانی وەرزش و تەنانەت سیاسەتمەدارانیش بە کۆچی لەناکاوی کۆبی براینتی ئەفسانەی تۆپی باسکەی ئەمریکی تووشی شۆک بوون، لەنێویاندا مێسی کە براینت زۆر پێی سەرسام بوو، هەر لەبەر خۆشەویستی مێسیش، ئەو ئەفسانەی NBAژمارەی دریسەکەی هەڵبژاردەی ئەمریکی کردبووە 10.

مێسی لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە ئینستاگرام بەمشێوەیە پەیامی سەرەخۆشی لە براینت کردووە و لە پەیامەکەدا نوسیویەتی: هیچ وشەیەکم نییە، لەناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە خێزانی کۆبی براینت و هاوڕێکانی دەکەم، هەروەها مێسی دەنووسێت: زۆر شەرەفمەندم کە ڕۆژێ لە ڕۆژان چاومان پێکەکەوت.



ڕۆمەنیگە:

سوورین لەسەر ئەوەی درێسی بایرن لەبەر سانی بکەین

کارل هاینز ڕۆمەنیگەی سەرۆکی جێبەجێکاری یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی جەختی لەوە کردەوە کە یانەکەی سوورە لەسەر ئەوەی لە هاوینی داهاتوو لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتد سەبارەت بە سانی یاریزان ڕێکبکەون.

ڕۆمەنیگا زیاتر گوتی: دەبێ دیراسەیەکی بارودۆخی یانەکەمان بکەین، چونکە چوند یاریزانێکمن هەیە گرێبەستەکانیان ساڵ و ساڵێک و نیویان ماوە، لەوانە مانوێل نوێر. ئالابا، جیبرۆم، تیاگۆ، مۆلەر، ئیمە بەر لەوەی هەر بڕیارێک بدەین، لەگەڵ ئەوانە گفتوگۆ دەکەین، بەڵام چاومان لەوەیە سانی لەگەڵمان ڕیکبکەوێ یاریمان بۆ بکات.

www.xebat.net
ژمارە (5922) پێنج شەممە 2020/1/30
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

سابا کولیانشڤیلی لەتەمەنێکی بچووکدا خەونێکی گەورەی هەیە



سابا کولیانشڤیلی Saba Kul-janishvili تەمەن 11 ساڵان، منداڵێکی وڵاتی جۆرجیایە و دواڕۆژێکی گەش لە یاری شەترەنج چاوەڕوانی دەکات، چونکە بەشێوەیەک ئاوێتەی ئەو یارییە بووە، هەموو کاتەکانی خۆی بۆ فێربوون و ڕاهێنانی شەترەنج تەرخانکردووە، ئەو منداڵە لەتەمەنی 5ساڵیدا فێری ئەو وەرزشە بووە و لەچەندین پاڵەوانێتی جۆراوجۆردا لە وڵاتی جۆرجیا و ڕووسیا بەشداری کردووە و چەندین جار لەسەر ئاستی تەمەنی حوار 10و 8ساڵیدا توانیویەتی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت.

سابا لە لێدوانێکیدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات دەڵێت: بەقەد خۆراک و ژیان شەترەنجم خۆش دەوێت، پرۆلیەکی تەواوم بەخۆم هەیە کە بتوانم لە دواڕۆژدا ببم بەیەکێک لە باشترین شەترەنجزانانی جیهان، چونکە هیچ کات هەست بە بێزاری و دڵەڕاوکێ ناکەم لەم یارییەدا، ڕۆژانە بەپەلە ئەرکی قوتابخانەم بەجێدەگەیەنم و تەواوی کاتەکانی ترم بۆ شەترەنج تەرخان دەکەم.

هەروەها ئەو یاریزانە تازەپێگەیشتووەی جۆرجیا زیاتر گوتی: هەرەجارەی کە ئەو یارییە دەکەم، هەست بەئارامییەکی دەروونی دەکەم، هیچ کات بیرم لەوەنەکردۆتەوە بەبێ ئەو یارییە بڕیم، هەستەکەم شەترەنج زۆر بەخێرایی لەگەڵ خوێنم تێکەڵ بووە، لێرەوە دەمەوێ سوپاسی دایکم بکەم کە پاڵپشت و هاوکاری پلەیەکەمە، ئەو هەموو کاتەکانی خۆی بۆمن تەرخانکردووە کە دواڕۆژێکی گەشم لەو وەرزشە هەبێت، بۆیە هەموو هەوڵێکم بۆ هێنانەدی خەونی خۆم و دایکمە.

جێی باسە سابا لە ساڵی لە سالی 2017توانی پلەی یەکەم لەسەر ئاستی قوتابخانەکان بەدەست بهێنێت، هەروەها لەسەر ئاستی هەرێمی ئاخالتسیچ توانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت، ساڵی ڕابردووش لە فیستیڤاڵی تبلیسی و بوتی توانی لە ئاستی تەمەنی خۆی ببێتە پاڵەوان و ئێستاش لەگەڵ یانەیەک بەشداری پاڵەوانێتی یانەکانی تبلیسی دەکات و یاریزانی سەرەکییە.



پۆلیتانۆ پەیوەندی بە ناپۆلی-ەوە دەکات

یانەی ناپۆلی ئیتاڵی لە پێگەی فەرمی خۆی لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوێکردەوە کە گەیشتنە ڕێککەوتنی کۆتایی لەگەڵ یانەی ئینتەر میلان بەمەبەستی گرێبەست لەگەڵ ماتیۆ پۆلیتانۆی هیرشبەر.

ناپۆلی لە ڕاگەیەندراوەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە بەشێوەی خواستن لەگەڵ ئەو یاریزانە ڕێککەوتوون بەمەرجیک دوای کۆتایی وەرز بەیەکجاری بیکڕن، پۆلیتانۆی تەمەن 26 ساڵ پێش ئەوەی بچێتە ناپۆلی بۆ هەریەک لە یانەکانی تازەپێگەیشتوان ی ڕۆما و بیرۆجیا و بیسکارا یاری کردووە.



چیچاریتۆ

موچەیەکی خەیالی لە خولی ئەمریکی وەردەگرێت

ڕۆژنامەی دایلی میڵی بەریتانی ڕوونی کردەوە کە چیچاریتۆ بۆتە گرانترین یاریزان لە خولی ئەمریکی، دوای ئەوەی لە یانەی ئیشبیلییەوە چووە ریزەکانی یانەی گالاکسی.

بەپێی ئەو زانیارییانەی ڕۆژنامەکە بڵاوی کردۆتەوە چیچاریتۆ هەفتانە 103 هەزار یورۆ وەردەگرێت، ئەم موچەیەش لەم کاتەدا هیچ یاریزانیەکی خولی ئەمریکی وەری ناگرێت، بۆیە بە بەهاترین یاریزانی خولی ئەمریکی دەژمێردرێت.



ریزبەندی گۆڵکارانی پێنج خولە گەورەکەی ئەورووپا

خولی ئیسپانیا
لیۆ مێسی 14گۆڵ
کەریم بنزیما 12گۆڵ
لویس سواریز 11گۆڵ
ئیزکیل ئاڤیلا 9گۆڵ
ڕۆجێر مارتی 9گۆڵ
ماکسیمیلیانۆ 9گۆڵ
ویلیان خۆسیە 8گۆڵ
لۆرین مۆرۆن 8گۆڵ
لۆکاس پێرێز 8گۆڵ
جیرارد مۆرینۆ 8گۆڵ

خولی ئینگلتەرا:
جیمی ڤاردی 17گۆڵ
سێرجیۆ ئەگوێرۆ 16گۆڵ
مارکۆس ڕاشفۆرد 14گۆڵ

دانی ئینگز 14گۆڵ
ئۆبامیانگ 14گۆڵ
تامی ئەبراهام 13گۆڵ

خولی ئەڵمانیا:
لیڤاندۆفسکی 21گۆڵ
تیمۆ ڤێرنەر 20گۆڵ
ڕۆوین هینینگز 11گۆڵ
جادۆن سانچۆ 11گۆڵ
مارکۆ ڕۆیس 10گۆڵ
فلۆریان 10گۆڵ

خولی ئیتاڵیا:
شیرۆ ئیمۆبیلی 23گۆڵ
ڕۆنالدۆ 17گۆڵ
ڕۆمیلۆ لۆکاکۆ 14گۆڵ
جۆسیپ ئیلیچیچ 13گۆڵ
پیدرۆ گالڤاو 13گۆڵ
لویس مۆرێل 12گۆڵ

خولی فەرەنسا:
ویسام بن بەدر 14گۆڵ
کلیلیان مباپی 13گۆڵ
موسا دیمبلی 12گۆڵ
نایمار 12گۆڵ
دیالۆ 11گۆڵ

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu .30. Jan. 2020 No: (5922)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

دەبێت ماف و کەرامەتی ڕۆژنامەوان پارێزراو بێت

ئیمان دەرباس: پاڵپشتی خێزانەکەم هێزی دەسپێکی کارکردنم بوون



سوێن سلێمان:

ئیمان دەرباس پێشکەشکاری کەناڵی کوردستان 24کە چەندین ساڵە لە بواری ڕاگەیاندندا کاردەکات دەڵێت: ڕۆربەی بنەماڵەکەمان پێشمەرگە بوونە، خاوەنی (6) براو (2) خوشکم، لە تەمەنی (16) ساڵیم دا کاتێک ماوەیەک بوو لە دەرەوەی وڵات دەژیایین لەگەڵ خێزانەکەم دا ، هاورێکانم و بەشێک لە کەسە نزیکەکانم پاڵپشتی منیان کرد کە لەو بوارەدا واتە بواری ڕاگەیاندندا کاربکەم، خۆشم حەزم بەو کارە دەکرد و پاڵپشتی ئەوانیش هێزی سەرەتای کارکردنم بوو، خێزانەکەم گەورە بوون زۆر هێزو باوەڕ یان بەمن بەخشی سوپاسیان دەکەم، سوپاس بۆ هەرکەسێک کە ڕۆژێک قسەیەکی جوانی بە من گوتبێت یان پشتگیری کردبم، یاساکانی وڵات هیچ ڕێگرییەکیان نییە وە مەرجی پاراستنی کەرامەتی ڕۆژنامەنووس لە بناغەوە هیچ بونێکی نییە، پێوبستە یاسایەکی تایبەت لە پەرلەمانەوە دەربچێت تاکو ماف و کەرامەتی ڕۆژنامەوان پارێزراوبێت وە دەزگاکانی حکومەتیش پێویستە پشگیری لێ بکەن، ژیان لێرە قورسە ڕۆژنامەنووس لێرە بە دوو گرفتدا دەروات وەکو ئەوەی کە لە سەنگەر بێت شەڕی میدیایی شەڕی کلتورە و زیاتریشە.

کتێبی (خەرمانەی هونەر) چاپکرا



نووسەرو هونەرمەند (خالید عومەر عوسمان) کتێبی (خەرمانەی هونەر)ی خستە سەر خەرمانی کتێبخانەی کوردی، ئەم کتێبە قەبارەی (400) لاپەڕەیە و بە تیراژی (500) دانە چاپ کراوە، خەرمانێکە لە ژیاننامە و بیبلۆگرافیای هونەرمەندانی ئەکتەر و گۆرانیبژان و موزیسیانانی کوردستان، یەکێکە لە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی ژیان و کارو چالاکی هونەرمەندان، دەستخۆشی لە نووسەری (خەرمانی هونەر) دەکەین.

ڕێبوار هەورامی

زیادەکێش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەند جۆرە شێرپەنجەیەک بە سوودە



لە مالپەڕی میدیکال ئێسکپرێس، بابەتێک بە ناونیشانی «زیادە کێش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەند جۆرە شێرپەنجەیەک بە سوودە» ، بڵاو کراوەتەوە، کە تێیدا ئاماژە بەوە دراوە: ئەنجامی توێژینەوەیەکی نوێی زانایان پیشانی داوە کە زیادە کێش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەند جۆرە شێرپەنجەیەک بە سوودە.

توێژەرانی زانکۆی فلیندەرز لە ئۆسترالیا بۆیان دەرکەوتووە کە زۆربوونی چەوری لەش دەتوانێت کاردانەوەی جەستەی مرۆڤ بۆ دەرمانی چارەسەری شێرپەنجە بە تایبەت بۆ شێرپەنجەی سیپەکان کاریگەر تر بکات.

هەروەها زانایان بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو نەخۆشخانەی کە کێشی لەشیان زۆر بە بەراوەرد لەگەڵ ئەوانەی کە کێشی لەشیان کەمە دوای چارەسەری کەمتر تووشی حاڵەتەکانی مردن دەبنەوە. لەو بارەیەوە، گانسان کیچناداس"، سەرپەرشتیاری ئەو تیمە توێژەرە، گوتی: ئەنجامی توێژینەوەکان سەرسوڕهێنەری بوون کاتێک لە ڕابردوو دا، قەڵەویی هۆکاربوون بۆ نەخۆشی شەکرە، شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی دڵ. لە ئێستادا، ئەنجامەکان پێچەوانەن بە جۆرێک کە ئەوانەی قەڵەون و ڕێژەی چەوریان زۆر ئاستی بەرگری لەش وکاردانەوەیان زیاترە. توێژەران ، جەخت لە سەر شێوازی ژیانێکی تەندروست و هەروەها کێشێکی ئاسایی دەکەنەوە و چونکە زیادبوونی کێشی لەش دەبێتە هۆی نەخۆشی و گرفتی زۆر.

کاوە فاتیحی بۆ «خەبات»:

(ماچ) شێوازێکە بۆ دەربڕینی خۆشەویستی ئەگەر عەشق و خۆشەویستیش نەبێ ژیانیش بەردەوام نابێ

دیمانە: هەمزە سەرحان

کاوە فاتیحی لە دایک و باوکێکی ڕۆژهەلاتیەوە لە باشووری کوردستان و لەگوندی دێلێی ناوچەی پشدەر لەسەردەمی ئاوارەی لە(1974-4-20) لە دایکبووە. دوای دەسااڵ دابران لە خوێندن، توانیویەتی لە 2004-2008خوێندنی زانکۆ لە کۆیە لە بەشی یاسا بەدەست بهێنێت. کاوەو خالید فاتیحی براگەورەی سااڵنێکی زۆر لە بواری ئەدەبی و هونەری کاردەکەن، ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و خاوەنی کوڕو کچێکە، کاوە، بە شانۆ هاتۆتە ناو بوارەکانی هونەرەوە تا ساڵی 1997دواتر دەستیکرد بەکاری ڕۆژنامە نووسی، یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی ساڵی 1998بووە، کە بابەتێکی وەرگێڕدراوی شکسپیر بووە، لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان بڵاویکردۆتەوە، ماوەی 13ساڵ ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بووە لەسەرەتای ساڵی 2014وە دەستی کردووە بە نووسینی شیعر و خاوەنی نامیلکەیەکی شیعریە بەناوی (ماچ) کەئەمساڵ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ساڵی 2019 ڕۆمانێکی ڕۆماننووسی بەناوبانگی قیرقوستانی(جەنگیز ئیتماتۆف) بەناوی (سەربوردەی دایک) بەچاپگەیاندووە و لەبەشێکی زۆر لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستاندا بابەتی بڵاوکردۆتەوە،وەک خۆشی گوتەنی: جگە لە نامیلکە شیعری چاپکراوی (ماچ) کاری داهاتووم نامیلکەیەکی شیعریە و هاوکات لەبواری وەرگێڕانیشدا هەر بەردەوامم،لەم دیمانەیەشدا بۆچوونەکانی دەربارەی نووسینی شیعر بخوێنەوە:



جگە لە نامیلکە شیعری چاپکراوی (ماچ) کاری داهاتووم نامیلکەیەکی دیکەی شیعریە و لەبواری وەرگێڕانیشدا بەردەوامم

کاوە فاتیحی بە شانۆ دەستی پێکردو لە شیعردا خۆت بینیەوە بۆچی؟

ئێمە وەک بنەماڵەیەکی هونەری باوکم و برا گەورەکەم وەک شاعیر لە مەیدانەکەدا بوون، خولیام وابوو بنەماڵەکەمان هەر لەبواری شیعردا نەمێنێتەوە، بۆیە بەهاوکاری مامۆستاکانی قوتابخانە هاندەدرام کار لە بواری شانۆدا بکەم، خۆشم کەمێک بزۆز بووم، ئەوە بوو لە چالاکی قوتابخانەکانەوە دەستمپێکرد لەساڵی 1987 لەو بوارەشدا توانیم ڕۆڵی خۆم ببینم و تێیدا سەرکەوتووبم چونکە خۆشەویستیم بۆکارەکەم هەبوو، یەکەم کاری شانۆیشم شانۆی (سیمای هەورێ ڕەش) بوو لە نووسینی دکتۆر حەمید عەزیز، بەهاری 1988دواتر دیتم کەلە بوارەکانی تریشدا دەتوانم کار بکەم، دواتر لە (رادیۆی ئازادی) وەک بەڕێوەبەر دەستبەکار بووم لە 1997، دواتریش ڕوومکردە بواری نووسین و وەرگێڕان..



تاچەند کاریگەری مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمان فاتیحی شاعیرت بەسەرەوەیە؟

- بێگومان کاریگەریەکی زۆری مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی باوکی شاعیرم لەسەرە، چونکە کاتێک تەمەنم گەیشتە پانزەساڵی و فامم کردەوە، دەبینم دەوروبەرم هەمووی هەر کۆڕی شیعرو گفتوگۆی ئەدەبیە ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبووە لەسەر منیش، بەڵام بەداخەوە ئەوکاتەی باوکم لە ژیاندا بوو نەمتوانی شتێک بنووسم و نیشانی بدەم، چونکە شەرمم دەکرد لەئاستی ئەودا، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی من بوو ,خالیدی برام بوو ,کە گەورەترین پشت و پەنام بوو لەو بوارەدا، بۆیە هەمیشە بەمامۆستای خۆمی دەزانم. .

بۆ تۆ؟

- بەپێچەوانەوە هاوسەرەکەم با شتیرین پاڵپشتمە بۆ کاری ئەدەبیم لێرەوە زۆر سوپاسی دەکەم

زیاتر حەز بە شیعری نیشتمانی دەکەیت یا ڕۆمانسی؟

ڕۆمانسی، دیارە هەندێک پێشهات ڕووددەن، شیعرم بۆ ئەوانیش هەبووەو دەشبێ لە داهاتوودا. بۆ شەنگال و بۆ پێشمەرگەشم..

ئەو هەموو ڕۆمانسییەتە لە شیعرەکانت هۆکاری چییە؟

من پێموایە ئەگەر عەشق و خۆشەویستی نەبێ ژیانیش بەردەوام نابێ، بۆیە دەبێ خۆشەویستی بنچینە بێ بۆ ژیانمان، خەونمان هەبێ بۆ داهاتوومان.

لە زمانی شیعریتاندا وشەکێکی ناسک و ڕۆمانسی بەدیدەکرێت ئاخۆ ئەمە زادەی خەیاڵی خۆتە یا پەیوستە بە ژیانی واقیعیتانەوە؟

- بۆ بەرهەمی شیعر دەبێ شاعیر پشت بە زۆر شت ببەستێ، بەڵام لای من زیاتر خەیاڵ جێگەی خۆی کردۆتەوە، بێگومان ژیانی واقیعیش پشکی پچڕپووە لەو بوارەدا، چونکە شیعر ئەو خەیاڵە پەنگخواردوویە لە دەروونی شاعیردا دێتە دەرێ و دەخرێتە سەر ڕووپەڕی کاغەز.

بۆچی (ماچ) ت هەڵبژارد بۆ نامیلکەکانی بەرهەمەکەت؟

(ماچ) شێوازێکە بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بەرامبەر ئەو کەسانەی خۆشتدەوێن لەوانە، نیشتیمان، ئەویندارەکەت، دایک و باوک، منداڵ، هاوڕێ ،کەسە ئازیزەکانت. ناونیشانەکەش لەسەر خواستی مامۆستا خالیدی برام بووە، چونکە بەشی زۆری شیعرەکانم (ماچ) ی تێدایە، بێگومان کاریگەری (مامۆستا فاتیحی) باوکیشم لەسەربووە لەوبارەیەوە.